



گوڵان
ژمارە (٧٩٧)
٢٠١٠/٩/٦



چەمکی شۆڕش و ئیرادەی خێر لەلای بارزانی

# دڕەوشانەوەی ناوی شۆڕشی ئەیلوول پرشنگداری گەوهەرەکەیەتی

**بارزانی نەمر توانی ( نەبوونی ئازادی هاوتای نەبوونی ژیان) بکات و دروشمی کوردستان یان نەمانی بەرزکردەوە**

برنار گرۆتـویزن کە نووسـەری کتێبی فـەلـسـەفـەی شـۆڕشـی فەرەنسایيە لەپێشەکی کتێبەکەیدا سەبارەت بەوەی چۆن ئەو سێ وشەیە( برایەتی، ئازادی، یەکسانی ) بوون بەو چەمکە زیندووانەی ئەو شۆڕشە گـەورەیـەی فەرەنسای لە مێژوودا بەرپاکرد دەڵێت: ((بۆ ئەوەی لـەوە تێبگەین چۆن ئـەو چەمکەکانە بوونە چەمکی زیندوو، دەبێت هەوڵبدەین لە حاڵەتی رۆحی پیاوانی ئەو سەردەمە شارەزابین، هەروەها دەبێت بەدوای ئەوەدا بچین، ئەو پیاوانە کەخۆیان بەشێك بوون لەگەڵی خۆیان چۆن هەستیان بەوەکرد ئەو چەمکانە بکەنە دروشمی شۆڕش، بۆ ئەوەی لەم راستیانە تێبگەین پێویستە لەسەرمان لەشێواز و میتۆدی ئەو پیاوانە تێبگەین کە سـەیری ژیـان و واقیعی راستەقینەیان کـردووە، هـەروەهـا دەبێت بزانین ئـەو مـەسـەلانـە چین کـە ئەوان بەگرنگیەوە لەبەرچاویانگرتووە، بێگومان هـەمـوو ئـەمـانـەش نـاچـارمـان دەکات بگەڕێینەوە بۆ نێو لاپەرەکانی مێژوو))، گۆرتـویزن مەبەستی لـە گـەڕانـەوە بۆ لاپەرەکانی مێژوو مەبەستی گەڕانەوە نییە بۆ مێژووی شۆڕشی فەرەنسا، بەڵکو مەبەستێتی بگەڕێتەوە بۆ مێژووی فکر، دەیەوێت بزانێت ئایا پاشخانی ئازادی و یەکسانی تـاچ رادەیـەك لەناو مێژووی فیکردا خۆی دارِشـتووە و تاچەند ئەم فیکرەیە بەشێوەیەکی شاراوە لەناو ناخی هـەر تاکێکی گـەلی فـەرەنـسـادا رەگی داکـوتـاوە و چۆن پیاوانی شـۆڕش ئەو گـەوهـەرە شـاراوەیـەیـان دۆزیـیـەوە و بووە داینەمۆی شۆڕشی فەرەنسا و تێکشکانی قەڵای باستیل.

بۆ ئەوەی خوێنەرانی گوڵان لەو راستیە ئاگاداربن کەمەبەست لەو چەندێرەی ئـامـاژەمـان پێکرد، بـەراوردکـاری نییە لەنێوان شۆڕشی ئەیلوولی کوردستان و شۆڕشی فەرەنسادا، بۆیە لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئاماژە بۆ وەڵامێکی فرانسۆ زاقی لۆڤای رۆژنامەنووسی ناوداری فەرەنسی بکەم، کە لە دیمانەیەکدا ( ئەو دیمانەیە لـەسـاڵـی ٢٠٠٠ بـەزمـانـی کـوردی لە رۆژنامەی برایەتی و بەزمانی عەرەبی

**پێش شۆڕشی ئەیلوول، شۆڕشی سەرتاسەری لەهیچ پارچەیەکی کوردستان هەڵنەگیرساوە و بوونی نەبووە**

لەرۆژنامەی خەبات بڵاوبۆتەوە) لێم پرسی ئایا دەکرێت شۆڕشی ئەیلول بە شۆڕشی فەرەنسا بەراورد بکەین؟ لەوەڵامدا پێی وتـم : ((نەخێر ناتوانین لـەبـەر ئەوەی شۆڕشی فەرەنسا شۆڕشی چینێك بوو بەڵام شۆڕشی ئەیلول شۆڕشی میللەتێك بوو))، رۆژنامەنووس فرانسۆ زاقی لۆڤات یەکێکە لەو رۆژنامەنووسە جیهانیانەی کە لەساڵانی سەرەتای شۆڕشی ئەیلول سەردانی ناوچە ئازاد کراوەکانی شۆڕشی کردووە و لەنزیکەوە میوانی بارزانی نەمر و کاك ئیدریسی جوانەمەرگ و سەرۆك مسعود بـارزانـی بـووە و بێجگە لەوەی بەکامێرای فۆتۆگراف وێنەی گرتووە، بـەکـامـێـرای سینەماییش دیمەنەکانی شـۆڕشـی ئـەیـلـولـی تـۆمـارکـردووە، ئـێـسـتـاش لـە ژیـانـدا مـاوە و چەند جارێکیش سەردانی هەرێمی کوردستان کردووە. ئەم رۆژنامەنووسە کە شۆڕشی فەرەنسا مێژووی وڵات و گەلەکەیەتی و شۆڕشی ئەیلوولی لەرێگەی کاری رۆژنامەنووسیەوە ناساندووە، هەستی بەو راستیە گـەورەیە کـردووە کە دۆزینەوەی گەوهەری ئەیلول میتۆدێکی تایبەتی توێژینەوەی دەوێت، دەبێت وەك گرۆتویزن کە لـە فەلسەفەی شـۆڕشـی فەرەنسا ئاماژەی پێکردووە بگەڕێینەوە بۆ ئەو حاڵەتە رۆحیەی کە بارزانی و هەڤاڵانی لـەو سـەردەمـە تیایدا ژیـاون و بەدوای ئەوەدا بچین چۆن بارزانی نەمر توانی ( نەبوونی ئازادی هاوتای نەبوونی ژیان) بکات و دروشمی کوردستان یان نەمانی بـەرزکـردەوە، گرنگە لـەوە بگەین چۆن بارزانی سەیری ژیانی تاکەکان و واقیعی ئەو سـەردەمـەی کوردستانی پێکردووە، بەتایبەتی کە پێش شۆڕشی ئەیلوول، شۆڕشی سەرتاسەری لەهیچ پارچەیەکی کوردستان هەڵنەگیرساوە و بوونی نەبووە، ئەم رۆچوونە بەناو قووڵایی لاپەڕەکانی مێژوو رووبـەرووی دووحاڵەتی گرنگمان دەکـاتـەوە کە پێویستە لـێـرەدا ئاماژەی پێبکەین:

١- ئەم باسە بۆ ئـەوە نییە بە شۆڕشی ئەیلوولدا هەڵبڵێین و رووپۆشێکی رازاوەی بۆ دروست بکەین بۆ ئەوەی گەوهەری شۆڕشەکە بشارینەوە، یان مەبەستمان بێت سەرنجی خەڵکی رابکێشین بۆ ئەوەی رووپـۆشـەکـەی ببینن، یـان شۆڕشەکە بەچەند زارەوەیـەکـی بریقەدار رووپۆش بکەین لەبری مانای شۆڕشەکە، وشەکانی خۆمانیان بەسەریاندا ببەشینەوە.

٢- ئـەم بـاسـە بـاسـێـکـی رەخنەیش نییـە هـەتـا جـەخـت بـکـەیـنـەوە لەسەر کەموکورتیەکانی شـۆڕش، بەتایبەتی کـە لەدەسپێکی شـۆڕشـدا، هـەمـوو لە پێناوی هاوتاکردنی ئـازادی بەرامبەر بەژیان نەچوونە پاڵ شۆڕش و هەندێك لەو سەرۆك هۆز و عەشایرانەی چوونە پاڵ شۆڕش هۆکارەکەی نارازیبوون بووە، لەسەر یاسای ئیسڵاحی زراعی کە لەو کاتەدا زیانی پێدەگەیاندن، یان هەندێك لایەنی دیکەی کەموکورتی دیکە کە پێش وەرگرتنی ئامادەباشی تەواو لەلایەن بارزانییەوە شۆڕشەکە دەستی پێکردوو وەك تۆڵەیەك بۆ رۆژی شەشی ئەیلوولی ١٩٦١، کە رژێمی قاسم شەڕی بەسەر کوردا سەپاند.

ئـامـاژەکـردن بـەو دووخـاڵـە گرنگە راستیەکمان پیشاندەدا، ئەویش ئەوەیە کە نە پێداهەڵگوتن بە شۆڕشەکە هیچ شتێك لە ناو گەورەیی شۆڕشەکە زیاد دەکات، نە پیشاندانی کەموکورتیەکانیش هیچ شتێك لە گەورەیی شۆڕشی ئەیلوول کـەمـدەکـاتـەوە، ئـەمـەش دروسـت چۆن پیاهەڵدان بەگرتنی قەڵای باستیل هیچ شتێك لەگەورەیی شۆڕشی فەرەنسا زیاد ناکات، بەهەمان شێوە رەخنە گرتنیش لە ئازادکردنی سەرجەم بەندییەکانی نێو باستیلیش هیچ لـە شـۆڕشـی فەرەنسا کەمناکاتەوە.

بەڵام چۆن بۆ شۆڕشی فەرەنسا گرنگە گـەلـی فـەرەنـسـا لـەمـانـای ئـازادی و یەکسانی و برایەتی تێبگەن،بۆ ئێمەش وەك کـوردسـتـانـی، بـۆ ئـێـسـتـامـان لە دەسپێکی شۆڕش ئەیلول گرنگترە، لە مانای هاوتا کردنی ئـازادی بە ژیان تێبگەین و هەروەها ئەرکی سەرشانمانە ئەو ئیرادە خێرە بدۆزینەوە کە بارزانی نەمر لەو سەردەمە هەیبووە، ئەو ئیرادەیە وەك مەرجێك بۆ دۆزینەوەی ئەو هۆکارانەی

ئیرادەی شاراوەی تاکەکان دەدۆزرێتەوە و بۆ ئەوەی مانای ژیان و کامەرانی بۆ ژیانی هاووڵاتیانی کوردستان پێناسە بکاتەوە.

کەواتە لێرەوە دەکرێت زیاتر لەسەر چەمکی ئیرادەی خێر هەڵوەستە بکەین و خوێنەر لەوە ئاگادار بکەینەوە، کە مەبەست لە ئیرادەی خێر تەنیا ئەوەندە نییە بارزانی نەمر توانی شۆرشێك هەڵبگیرسێنێت یان ئەو شۆرشە کۆمەڵێك ئامانجی بەدەست هێناوە، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە ئیرادەی خێری بارزانی شێوازی بیرکردنەوەی تاکی کوردی بۆ بیرکردنەوە لە ئازادی و ڕێزگرتنی بەهاکانی ئازادی گۆڕی و شیوازێکی نوێی بیرکردنەوەی لە ناخی هەر تاکێکدا ژیاندەوە، شۆرشی ئەیلوول وایکرد کوردستانی بێ ئازادی هاوتای نەمانی کوردستان بکات، ئەمەش واتە وڵاتی ژێر دەستە و داگیرکراو هیچ مانایەکی وڵاتی نییە و ئەو گەلەشی لەناو ئەو وڵاتە ژێر دەستەیە ژیان دەگوزەرێنێت و ئازادییەکانی لێ زەوتکراوە، ژیانی هیچ مانایەکی نییە و دەبێت دەست بەرداری ئەو ژیانە بین و جارێکی دیکە بە قوربانیدان و مقاوەمەت ژیان و ئازادی پێکەوە کۆبکەینەوە، ئەمە تەنیا کاریگەری لەسەر گۆڕینی بیرکردنەوەی کوردستانیەکانی کوردستانی عێراق نەبوو، بەڵکو بووە هەوێنی گۆڕینی فیکری هەموو تاکەکانی کوردستان لەسەرتاسەری کوردستانی گەورەدا بۆ تێگەیشتن لە مانای ئازادی، گۆڕینی فیکری تاکەکانی کوردستان بوو لە ناوچەگەرییەوە بۆ خەباتی سەرتاسەری و یەکپارچەیی و کۆبوونەوە لە دەوری یەك ئامانج کە ڕەنگدانەوەی سلوك و ئیرادەی هەموو کوردستانیەکانی بەرجەستە کردبوو، ئەم گۆڕانکارییە لە بیرکردنەوەی تاکی کوردا، گۆڕانکارییەکی بێ وێنەیە، ڕاستە پێشتر بزووتنەوە و شۆرشی دیکە لە کوردستاندا هەبوون و هەڵگیرساون، بەڵام هیچ کام لە شۆرشەکان بە هاوشێوەی شۆرشی ئەیلوول نەیتوانیوە بە شێوەیەکی سەرتاسەری شێوازی بیرکردنەوەی تاکەکانی کوردستان بگۆڕێت و



**نە پێداهەڵگووتن بە شۆرشی ئەیلوولدا هیچ شتێک لەناووشوهرەت و گەورەیی شۆرشەکە زیاد دەکات، نە پیشاندانی کەموکورتیەکانیش هیچ شتێک لە گەورەیی ئەو شۆرشە کەمدەکاتەوە**

**ئیرادەی خێری بارزانی شێوازی بیرکردنەوەی تاکی کوردی بۆ تێگەیشتن لە ئازادی و ڕێزگرتنی بەهاکانی ئازادی گۆڕی، شێوازێکی نوێی بیرکردنەوەی لە ناخی هەر تاکێکدا ژیاندەوە**



**شۆڕشی ئەیلوول فیکری تاکەکانی کوردستانی لە ناوچەگەرییەوە بۆ خەباتی سەرتاسەری و یەکپارچەیی گۆڕی**

مانایەکی تازە بۆ ئازادی دابڕێژێتەوە، لەم سۆنگەیەوە دەکرێت جارێکی دیکە لایەنەکانی ئیرادەی خێرلای بارزانی نەمر وەك خۆی پێناسە بکەینەوە، ئەمەش واتە ئیرادە خێرەکە وەك ئەو ساتانەی بارزانی نەمر بیری لێکردۆتەوە نەك وەك ئەوەی ئێمە ئێستا پێناسەی دەکەین، یان بەو وشەیە رووپۆشێکی بۆ دروست دەکەین بۆ ئەوەی پرشنگی گەوهەرەکەی بشارینەوە و پێمان وابێت بریقەی وشەکانمان لە پرشنگی گەوهەرەکە جوانترە، لێرەوە ئەم ئیرادەی خێرە بە چەند خاڵێك دەست نیشان دەکەین:

**١-** ناتوانین هیچ شتێك لەم جیهانە بەخێر پێناسە بکەین، بێجگە لە ئیرادەی خێر، مەبەست لە ئیرادەی خێر هەڵسوڕانی ئەو ئیرادەیەیە کە دەکاتە گەیشتن بە مرۆڤی باڵا، نەك هەڵسوڕانی ئیرادەی مرۆڤ بکاتە ئەو مرۆڤە داروینیەی کە هتلەر بۆ کاولکاری ئیرادە دەخستنە گەڕ، لەم روانگەیەوە ئەگەر سەیری ئیرادەی خێری بارزانی نەمر بکەین، دەبینن هەرگیز تاکەکانی کوردستان لەدوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول هەمان مرۆڤەکانی پێش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول نین و هەروەها بیرکردنەوەی تاکەکانی دوای شۆڕشی ئەیلوول بیرکردنەوەی پێش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول نین.

**ئیرادەی خێر هەڵسوڕانی ئەو ئیرادەیەیە کە دەکاتە گەیشتن بە مرۆڤی باڵا، نەک هەڵسوڕانی ئیرادەی مرۆڤ بکاتە ئەو مرۆڤە داروینیەی کە هتلەر بۆ کاولکاری ئیرادە دەخستنە گەڕ**

**٢-** ئیرادەی خێر ئەو چەمکەیە کە ناتوانین دەستبەرداری بین بۆ ئەوەی کامەرانی بۆ ژیانی کۆمەڵگە و سەرفرازی تاکەکانی بونیاد بنێینەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە دەبێت ئیرادەی خێر ئیرادە شاراوەکانی کۆمەڵگە بدۆزێتەوە و بیکاتە سلوکی گشتی کۆمەڵگە و سیستمێکی ئەخلاقی بە ماناو بەهاکانی ژیان و ئەمەش واتە هەستکردنی تاکەکان بە مانای ئازادی و تاکی ئازاد و نەتەوەی ئازاد و بوون بەئەندام لە جیهانێکی ئازاد و ماقووڵدا.

**٣-** ئیرادەی خێر لەبەر ئەوە پێی ناگوترێت ئیرادەی خێر کە ئایا چ دەسکەوتێکی بەدەست هێناوە یان سەرکەوتنی بەدەست هێناوە یان شکستی بەسەردا هاتووە، نەخێر هەڵسەنگاندنی ئیرادەی خێر تەنیا بە میتۆدی ئیرادەکە هەڵدەسەنگێنرێت

ئیرادەی خێر واتە هەستکردنی تاکەکان بە مانای ئازادی و تاکی ئازاد و نەتەوەی ئازاد و بوون بە ئەندام لە جیهانێکی ئازاد و ماقووڵدا

هەڵسەنگاندنی ئیرادەی خێر تەنیا بە میتۆدی ئیرادەکە هەڵدەسەنگێنرێت کە ئەویش لە خودی ئیرادەکەدا ئامانج خێری گشتی بووە



**لە دوای دەسپێکی شۆڕشی ئەیلوولەوە ئامانجی تواندنەوەی شۆڕشی کوردستان بۆتە بەرنامەی هاوبەشی هەموو ئەو دەوڵەتانەی پارچەیەکی کوردستانیان پێکەوە لکێنراوە**

**ئەوە داگیرکەرانی کوردستانن پێکەوە کۆدەبنەوە و شاهیدی ئەو راستیە بۆ بارزانی نەمر دەدەن بەوەی توانیویەتی شێوازێکی تازە لە بیرکردنەوەی کورد بۆ ئازادی بەرهەم بهێنێت**

کە ئەویش لە خودی ئیرادەکەدا ئامانج خێری گشتی بووە، کەواتە ئەم ئاراستەیە فێرمان دەکات لەبەر ئەوەی ئیرادەی بارزانی خێر بووە بۆ پێناسەکردنەوەی ژیانی ئازادی تاکی کورد، ئەم ئیرادەیەش توانی ئەو گۆڕانکارییە گەورەیە لەناخی تاکی کوردا دروست بکات، بۆیە دەبینن کاردانەوەی شەڕ بۆ ئەم ئیرادەیە کاردانەوەیەکی گشتگیری هەموو داگیرکەرانی کوردستان بووە و لە دوای دەسپێکی شۆڕشی ئەیلوولەوە ئامانجی تواندنەوەی شۆڕشی کوردستان بۆتە بەرنامەی هاوبەشی هەموو ئەو دەوڵەتانەی پارچەیەکی کوردستانیان پێکەوە لکێنراوە، هەر بۆیە پێش ئەوەی ئێمە وەك کورد شانازی بەوە بکەین کە ئیرادەی خێری بارزانی نەمر توانی گۆڕانکارییەکی سەرتاسەری و ریشەیی لە بیرکردنەوەی تاکی کوردا دروست بکات، ئەوە داگیرکەرانی کوردستانن پێکەوە کۆدەبنەوە و شاهیدی ئەو راستیە بۆ بارزانی نەمر دەدەن بەوەی توانیویەتی شێوازێکی تازە بۆ بیرکردنەوەی کورد بۆ ئازادی بەرهەم بهێنێت، هەر لەو پێناوەشدا کۆبوونەوەی هاوبەش گرێدەدەن و ئامانجەکانی خۆیان بۆ شکست پێهێنانی شۆڕشی ئەیلوولدا کۆدەکردەوە، هەروەك چۆن لە ٦ی ئاداری **١٩٧٥** شۆڕشی ئەیلوول کرایە قوربانی پیلانێکی نێو دەوڵەتی و ئەو شۆڕشە گەورەیە نسکۆی بەسەردا هات.

**٤-** دوژمنانی کوردستان ئامانجیان ئەوەبوو بە نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول ئەو مانا و بەهایانەی ئیرادەی خێری بارزانی نەمر دروستی کرد، هەڵیبوەشێننەوە و کورد ملکەچبکەنەوە کە بە ژیانی ژێردەستەیی رازی بێت، تەنانەت رژێمی بەعس دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول هێندە لەخۆبایی بوو دەیوت ( دارخورما لەسەر شاخەکانی کوردستان دەڕوێت بەڵام جارێکی دیکە پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان دروست نابێتەوە) بەڵام تەنهاساڵێکی نەخایاند جاریکی دیکە بلێسەی شۆڕشی گوڵان دەستی پێکردەوە و پێشمەرگە لە چیاکان دروست بووە، هەر ئەوکات لە ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق بڵاوکرایەوە ئەوە دارخورماش لەشاخەکان نەڕواو پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان دروست بۆوە، کەواتەلێرەدا دەکرێت راشکاوانەتر ئاماژە بەوە بکەینەوە کە ئیرادەی خێری بارزانی نەمر و ئەو وەرچەرخانە گەورەیەی ئەو ئیرادەیە لە ناخ و بیرکردنەوەی هەرتاکێکی کوردستاندا دروستی کرد، بەهیچ هێزێك لەناو ناچێت با ئەو هێزەی ئەو پیلانەش هەڵدەسوڕێنێت، هێزگەلێکی نێو دەوڵەتیش بن.

### ئێستا لە دەسپێکی شۆڕشی ئەیلوول زیاتر پێویستمان بەزیندوو کردنەوەی ئەو ئیرادە خێرەیە

ئێمە پێشتر لەم راپۆرتە ئاماژەمان بەوەکرد، ئیرادەی خێر نە بەدەسکەوت و سەرکەوتنەکانی زیاد دەکات و نەبە رەخنە و کەموکورتیەکانیشی هیچی لێکەمدەبێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بەها و مانای بەرز لە خودی ئیرادەکەدایە و ئیرادەکە وەك گەوهەر خۆی پرشنگی هەیە و دەبریسکێتەوە و پێویستی بە رووپۆش و رازاندنەوە نییە، کەواتە ئامانجی ئەم راپۆرتە بۆ جەختکردنی لەسەر ئیرادەی



**لە ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق بڵاوکرایەوە ئەوە دارخورماش لەشاخەکان نەڕواو پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان دروست بۆوە**

خێر، باسکردنی ئەو ئیرادەیە نییە وەك ڕووداوێـك کە لە ڕابـردوو ڕوویدابێت، یان نووسینەوەی لاپـەڕەیـەك لە لاپەڕەکانی مـێـژوو، نەخێر ئامانجی ئـەم ڕاپۆرتە بـەزیـنـدوو هێشتنەوەی ئـەو ئیرادەیەیە کە لە ناخی هەر تاکێکی کوردستانیدا وەك دایـنـەمـۆ هـەڵـدەسوڕێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و بەپێی گۆڕانکاریەکانی سەردەم مانا و بەهاکانی ژیان و ئازادی نوێدەکاتەوە، دوژمنانی کوردستان پێیان وابـوو، دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول یـان کۆچی دوایـی بـارزانـی نەمر، ئەو ئـیـرادەیـەی خێرەی بـارزانـی نەمر توانا شاراوەکان و مانا شاراوەکانی ئازادی لە ناخی تاکی کوردستاندا پێ دۆزیەوە، بە نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول یان بە کۆچی دوایی بارزانی ئەو ئیرادە خێرەش کۆتایی پێدێت، ئـەوان لـەوە بێ ئاگابوون کاتێك ئیرادەی خێر دەبێتە سیستمی ئەخلاقی کۆمەڵگا و سلوکی گشتی تاکەکانی کـۆمـەڵ، ئـیـدی ژیـان لـەگـەڵ ئازادی بـەراورد دەکـات و قەناعەتیك دروست دەبێت، کاتێك ئازادی زەوت دەکرێت هیچ سیستمێکی ئەخلاقی بوونی نامێنێت و ژیانی کۆمەڵگە دەگۆڕێت بۆ جەنگڵستان و هیچ مانایەکی تێدا نامێنێتەوە کە مرۆڤ ژیانی تێدا بەسەر بەرێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا ژیان لەبەرامبەر زەوتکردنی ئـازادی هیچ بەهایەکی نامێنێت، ئەوا تاکەکانی کۆمەڵگە ئامادەباشیان دەبێت کە لـەپـێـنـاوی ئـــازادی و گێڕانەوەی سیستمە ئەخلاقیەکە بۆ کۆمەڵگە قوربانی بەژیانی خۆیان بدەن، ئەم ئامادەباشیە بۆ قوربانیدان لە پێناوی ئازادی و بونیادی ژیانی ئـازاد و بوونی کیانە سیاسیەکە بـەئـەنـدامـی جیهانێکی ئـازادیـخـواز و مـاقـووڵ، سەرلەنوێ ئەو ئیرادە خێرە زیندوو دەکاتەوە کە شۆڕشی ئەیلوولی مەزنی پێی هەڵگیرسا و هەموو بیربۆچوونە جیاواز و ئامانجە جیاوازەکانی لە پێناوی مانادانەوە بە ئـازادی و بەدەستهێنانی ئـازادی بۆ کوردستان ڕێکخستەوە،کەواتە ئەم مێتۆدە بۆ دووبارە زیندووکردنەوەی ئیرادەی خێر لای بارزانی نەمر پێوەندی بـەوەوە نییە بارزانی نەمر لە ژیاندا ماوە یان نەماوە، بەڵکو پێوەندی بـەوەوە هەیە کە نەوەی ئێستا لەو ڕاستیە تێبگەن حاڵەتی ڕۆحی ئەوکاتەی بارزانی نەمر کەسەیری واقیعی کوردستانی پێکردووە چ حاڵەتیك بووە و ئەو مەسەلانە چیبوون کە بارزانی نەمر بە گرنگی زانیوە و ئەولەویەتی پێداوە، لەم خاڵەوە ئەگەر بەشێوەیەکی سەرپێیش بۆ تەکاندنی تۆزی ئەو گەوهەرە هەنگاو هەڵبگرین کە ئـیـرادەی خێری بارزانی نەمر بووە، دەبینین هیچ کاتێك بارزانی نەمر ئامانجی ئـەوە نـەبـووە ئـەو ئیرادە خێرە بۆ بەرژەوەندی خۆی یان دەسکەوتی تایبەتی خۆی بەکاربهێنێت، بۆیە بێجگە لە بیرکردنەوە بۆ خێری گشتی میللەت و دروستکردنی ژیانێکی کامەران و شایستە بۆ گەلی کوردستان بیری لەهیچ شتێکی دیکە نەکردۆتەوە، پرسیاری ئەم ڕاپۆرتە لە خوێنەرانی ئەوەیە ئەگەر سەرلەنوێ ئەو بگەڕێنینەوە بۆ ئەو مێژووە و وەك بارزانی نەمر بێ بەرژەوەندی و ئامانجی کەسی بیر لە ئایندە و بەرژەوەندی گشتی بکەینەوە، ئایا هەموو کات ئەو ئیرادەی خێرە موژدەیەکی گەشی لە ناخی خۆیدا بۆ ئایندە هەڵنەگرتووە؟

**ئیرادەی خێر نە بەدەسکەوت و سەرکەوتنەکانی زیاد دەکات و نەبە ڕەخنە و کەموکورتیەکانیشی هیچی لێکەمدەبێتەوە**

## حاکم ڕەئووف ڕەشید ((وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان)) بۆ گوڵان:

# جەنابی مەلا مستەفا قبوڵی نەدەکرد هیچ کەسێک دەست لەکاروباری دادگاکان وەربدات


دادگاکانی شۆڕش هەموو مەرجێکی دادگا و سیستمی قەزاوەتی لە خۆ گرتبوو لە بونی دادوەر- دۆسیە- تۆمار- دادگایی کردن- ئامادەبوونی لایەنی داوا و دواتر تۆمارکردن و پلەکانی طعن -تانوت-

ڕۆژی ٢٠١٠/٩/١ وەك خۆ ئامادەکردنێك بۆ ساڵوەگەری شۆڕشی ئەیلوولی مەزن، دوو پرسیارمان لەچوارچێوەی نامەیەکی تایبەتی ئاراستەی بەڕێز حاکم ڕەئووف ڕەشید وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، کە بریتی بوون لە:

١- شۆڕشی ئەیلوول لەساڵی ١٩٦١ شۆڕشی هەموو خەڵکی کوردستان بوو بە ڕێبەرایەتی جەنابی بارزانی نەمر، ئەم شۆڕشە توانی هەموو گەلی کوردستان لەژێر چەتری خۆی کۆبکاتەوە و ناسنامەیەکی جیهانی بۆ گەلی کوردستان بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە دروست بکات، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا ئەم شۆڕشە گەورەیە چۆن توانی ئەو وەرچەرخانە گەورەیە لەناو گەلی کوردستاندا دروست بکات؟

٢- شۆڕشی ئەیلوول تەنیا شۆڕشە کە لەناو شۆڕشدا دادگای باڵای هەبووە و هەوڵیداوە بەیاسا کاروباری هاووڵاتیانی ناوچە ئازادکراوەکان ڕێکبخات، ئێستاش زۆرجار لەسەرۆکی هەرێمی کوردستان گوێبیستی ئەوە دەبین کە ئامانجی بەڕێزیان دامەزراندی دەوڵەتی یاسایە، پرسیاری ئێمە لێرەدا ئەوەیە، ئایا حیکمەتی بڕوابوونی شۆڕشی ئەیلوول بەیاسا و سەروەریی یاسا لەچییەوە هاتووە؟ ئایا تاچەند شۆڕشی ئەیلوول کاریگەری هەبووە لە ڕۆشنبیری یاسایی لەناو خەڵکی کوردستاندا؟

بەسوپاسەوە بەڕێزیان بەم نامەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە و وەك خۆی داوای کردبوو دەقی نامەکەی کە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانیشی لەخۆی گرتووە، بڵاو دەکەینەوە. ئەمەش دەقی وەڵامەکەی بەڕێز وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ گوڵان:




شۆڕشی ئەیلوول مایەی ئەوەبوو دەست لە((شار)) و لە ((کار)) و لەبیری تایبەتی خۆمان هەڵگرین و بەدەستە و کۆمەڵ ڕووەو کۆسار و کێوی کوردستان و تێکەڵ بە ژین و گوزەرانی گوندنشینی و دێهات ببین

فارس لە سروودی میللیان بە عەزم و سۆزەوە هەردەم وشەی (بەپیشی بەپیتی) دەڵێنەوە ئێمەش بۆ سروودی (ئەی رەقیب) جۆرە کەسانێک پەیدابوون کە سەرزەنشتمان ئەکەن

# شۆڕشی ئەیلوول رۆحیی میللی جوڵان ئەو جووڵەیە بەردەوام بوو هەتا ئەمڕۆی هێنایە کایەوە

کاتێ سازی شۆڕش هاتە گوێمان بە چەڵەنگی کەوتینە ناو گەڕەک و ماڵان بۆ کۆکردنەوەی پێویستی شۆڕش و خۆراک بۆ شۆڕشگێڕان



**شۆڕشی کورد لەهەنگاوی یەکەمی دوای رزگارکردنی ناوچەکانی کوردستان، هەوڵی تەواوی ئەوەبوو، نیمچە ئیدارەیەکی زاتی دابمەزرێنن بۆ بەردەوامی پێداویستی و بەڕێوەبردنی کاری رۆژانەی هاووڵاتیان**

## بەناوی خوداوەندی بەخشندە و میهرەبان

## براو خوشکان لە گۆڤاری گوڵان

## سڵاوی خوداوەند لە ئێوە و لەهەموان

نوسراوەکەتان لە رۆژی ٢٠١٠/٩/١ دەرەنگانێك گەیشتە دەست و پرسیارەکانتان ((باقە یادگارێکی)) فرە شیرین و بەسۆزی هێنایەوە کایەوە، ئەو کاتەی ئەم دێرانەتان بۆ ئەنوسم ((دەروون)) پڕبۆتەوە لە سۆزێکی ئەفسونایی بۆ یادەوەرییەکانی ((شۆڕش)) لەگەڵ بوونی واقیعێکدا کە ئەویش رەوانەوەی هەستی بەسۆزی کوردانە لای نەوەکانی تازەمان، کە سوپاس بۆ خوداوەند ئەمرۆ دۆخێکی پڕ هێمن و دەست باخەڵپڕ یا وان لە ((کۆشی ژیانا)).

کەسەکانم خوشکان- برایان، ((شۆڕشی ئەیلول)) ١٩٦١ بۆ ئێمە ((نەوەکانی ئەوسا)) میوزیکی رۆح بوو، ئاوات بزوێن بوو، مایەی ئەوەبوو دەست لە((شار)) و لە ((کار)) و لەبیری تایبەتی خۆمان هەڵگرین و بەدەستە و کۆمەڵ رووەو کۆسار و کێوی کوردستان و تێکەڵ بە ژین و گوزەرانی گوندنشینی و دێهات ببین، بەهیوایەکی فرە پیرۆز کە لەپێناویا زۆرێکی زۆر رۆحیان بەخشی و لەلایەکی ترەوە تێکەڵاوی رۆحی گوند و شاربوو و دەروونی بۆمان ((دەف سازی)) مژدە بەخشی ئەمرۆ بوو و زۆر دەسکەوتی داهاتووش کە هێشتا لەبەردەمایە.

دواڕۆژمان پشت بەیەزدانی باڵا ((روون و پڕ هیوایە))....

وەڵامی پرسیاری یەکەمتان:

برایان ساتە وەختی ((کەڕەنای شۆڕش))ساڵی ١٩٦٣ براتان لە هەڵەبجەکەی پڕ فەڕی ئەوسا بووم. خۆم ئامادەکردبوو بگەڕێمەوە بۆ بەغداد بۆ ئیمتیحانی دوو دەرسی ساڵی خوێندن لە کۆلێژی حقوق کە دوا قۆناخی خوێندم بوو، ئەو کاتی لەو شارەی ئێمە کۆمەڵە لاوێك بووین لەو شارە پەیوەست بە پارتی دیموکراتی کوردستان، کاتێ کەڕەنا و سازی شۆڕش هاتە گوێمان و هەواڵی کۆبوونەوەی شۆڕشگێڕان لە دەربەندی بازیان و دەربەندی خان خێرا بە هاوشانی دەها ئافرەتی خۆ بەخشی چەڵەنگ کەوتینە ناو گەڕەك و ماڵان بۆ کۆکردنەوەی پێویستی شۆڕش و خۆراك بۆ شۆڕشگێڕان، جگە لە هاندانی خاوەن توانا و ئەوەی دەستی تفەنگی ئەگرێ کە تازووە پەیوەندی بکەن بەشۆڕشەوە. تاشەوانیش نە ئەچووینەوە بۆ ماڵەوە ....

هەڵەبجە بووە پێگە و رێگای کۆبوونەوەی شۆڕشگێڕان لە گەڕەکەکانی — پیر محەمەد، کانی ئاشقان، سەرا، کانی قوڵکە و کوچە و بازاڕ و باخەکانی دەوری شار، پۆل پۆل خەڵك دەهاتن لە دیهاتەوە بۆ ناوشار. تفەنگ بەخشین و ریزی فیشەك تا( پەسەك و کوڵەباڵ)خوشکان ماڵ بەماڵ ئەگەڕان، بۆ کۆکردنەوەی ئازووقە، لاوانیش بۆ فیشەك و هاندانی مەردان بۆ ئەوەی زووبگەنە دەربەندی خان و دەربەندی بازیان تا رێگا لە سوپا بگرن و نەگاتە سلێمانی و شارەزوور، وەك ئەمان بیست سوپا لە جەلەولا و موسڵەوە بەرێکەوتبوون!!

بۆ خۆم لە یادم کرد کە پێویستە بگەڕێمەوە بۆ بەغدا بۆ ئیمتیحانی دوو دەرس کە لەکاتی خۆی نەمتوانی ئمتیحانیان تیابدەم.

کەسەکانم شۆڕش رۆحی میللی جوڵان و ئەم رۆحە بەردەوام بووە تا ئەمرۆی هێنایە کایەوە. لە مێژووی میللەتان و تەجرەبەی گەلان و هی خۆشمان شۆڕش هەڵۆێست و هەڵچوونی کەسانێك نیە، بەڵکە کارنامەیەکە بۆ داهاتوو کە ئاڵوگۆڕی سیاسیی و ئیداری و کۆمەلایەتی تا ئابوری مابەینی خەڵك و حکومڕان دێنێتە کایەوە.. شۆڕشی ئەیلول ئەوها بوو و سەرەڕای لێدان و بۆردومان و سەرکوتکردن و راگوێزان و ئەنفال و کیمیاباران و تێك دانی گوند و ئاوایی و شێواندنی ژینگەی کوردستان مەودای شۆڕش بەردەوام بوو، وە نیتاج و بەرهەمەکەی هەرچەندە زۆر گران و قورس و کارەساتاوی بوو، وەلێ ئەمرۆی هێنایە کایەوە، ئەمرۆمان شتێکە کە داخەکەم لاو گەنجانمان پێی ئاشنانین بەڵکە رابردوو ناخوێننەوە.

فارس لە سروودی میللیان بە عەزم و سۆزەوە هەردەم وشەی (بەپیشی بەپیتی) دەڵێنەوە کە رۆح ئەجوڵێنێ و، ئێمەش بۆ سروودی (ئەی رەقیب)جۆرە کەسانێك پەیدابوون کە سەرزەنشتمان ئەکەن، داخەکەم بۆ لاوازی رۆحیی میللی، بۆ خۆم هەرکاتەی سرودێکی میللی ئەبیسم روح لام پڕاو پڕ ئەبێ لە تەوژم و دەفعێك کە خۆم لەبیر ئەکەم، یەکسەر هاوڕێکانم بیر ئەکەوێتەوە کە هەندێ لە مەیدانی شۆڕش و هەندێکیش لەژێر تەعزیب و ئازارا لێمان دوور کەوتنەوە و هەمیشە ئەڵێم (یادتان بەخێر))...

ئەوانەی دەستە دەستە و ساڵ دوای ساڵ خۆیان کردە قوربانی و ئەوانەی بەردەوامی شۆڕش و ئەمرۆشیان دروستکرد، بۆیە پێویستە و بەڵکە فەرزە بەسۆزەوە یادیان بکرێتەوە.

**ئەوانەی دەستە دەستە و ساڵ دوای ساڵ خۆیان کردە قوربانی و ئەوانەی بەردەوامی شۆڕش و ئەمرۆشیان دروستکرد، بۆیە پێویستە و بەڵکە فەرزە بەسۆزەوە یادیان بکرێتەوە**

- وەڵامی پرسیاری دووەمتان:

بەڵێ شۆڕشی کورد لەهەنگاوی یەکەمی دوای رزگارکردنی ناوچەکانی کوردستان، هەوڵی تەواوی ئەوەبوو، نیمچە ئیدارەیەکی زاتی دابمەزرێنن بۆ بەردەوامی پێداویستی و بەڕێوەبردنی کاری رۆژانەی هاووڵاتیان و پڕکردنەوەی بۆشایی دروست ئیداری و تنفیزی و قەزائی. وەبۆ ئەم مەبەستە سەرکردایەتی شۆڕش خێرا بەگوێرەی توانا توانیان دەسگای قەزاوەت لەو ناوچانە بەردەوام بێت و دەستگاکانی پۆلیس و شارەوانی و قەزاوەت و دادگا هەر زوو کەوتنە کار و دەوری پێویستی خۆیان بەگوێرەی توانا و بارودۆخ ئەنجام ئەدا.

براتان پاش هاتنم لە بەغدادەوە منداڵەکانم لە هەڵەبجەوە دواتر لەسلێمانی دا و موڵك وماڵ و بەرژەوەندیم بەجێهێشت کە دواتر دەسی بەسەراگیرا و کە لەدوای ساڵی ١٩٧٥ گەڕامەوە، بۆ خۆم بوومە ئوتێل نشینی و منداڵەکانم لەماڵی باوکی تاسەر لەنوێ ماڵم

دروســـتکردووە کە ئەمە حکایەتێکی عامی خەڵکـــە، وە بۆخۆم مەگەر لە تۆمـــاری یادگارەکانی بـــەوردی لەم بارەوە بنووسم ؟!

بە پەیوەست بوونم بەشۆڕشەوە کرامە- دادوەر-و یەکـــەم جار لە (ســـەنگاو) دانـــرام کە بارەگای هێـــزی لێ بوو، کاک صالح پێـــداوی ئامیر هێز و کاک قادر جەباری لێپرسراوی لق بوو، کاک شێخ محەمەد ئەمین شێخ عەبدوڵای عەبابەیلـــێ قائیمقـــام بـــوو، منیش حاکمی شۆڕش، لەبەر نزیکی سەنگاو لە کەرکوك ڕۆژانە بەبەردەوامی فڕۆکە و تۆپ بارانی لەسەر بوو، بۆیە تەنها بەشـــەو کارمان ئەنجام ئەدا و ڕۆژان لەبن داروبەرد و شـــەوان هەموان وەك شارە مێروولە ئەکەوتینە گەڕ و هاتوو چۆ، لـــەدادگا ســـتافێکی تەواومان هەبوو، لـــەدادگای تـــاوان تا باری کەسی و بەدائە( بداءة)،و ژن مارەبڕین و هەموو جۆرەکانی کاروباری قەزائی و ئەو کێشـــانەی تەمیز ئەکران ئەمان ناردە ســـەرکردایەتی لـــە بابکرئاوای نزیك خەلان کە ڕەحمەتی ســـیدا صالح یوســـفی وەزیری داد و ڕەحمەتی کاك عومەر دەبابە وەکیلی وەزیر و ڕەحمەتی ئەحمەد حاجی صالح قاســـم سەرۆکی ئیســـتیئناف . لە تەویلەش بارەگای ســـەرەکی دادگابوو کە ئێمە عائیدی ئەوێ بووین و دواتر ســـەنگاوم بەجێ هێشـــت و لە تەوێڵە بوومە سەرۆکی دادگا. وە حکومڕانـــی دادگا لەگەرمیان و ناوچـــەی حەمرین و و سەنگاو قەرەداغ و شارەزور و هەڵەبجە لەو لاشەوە تا چوار کلاو و خانەقین و. موکەمیـــل بووین لەهەموو بارەیەکەوە، بەهەمان شـــێوەی کە دادگایی کردن لـــە بەغداد ئـــەدرا و نوێنەری داواکاری گشـــتی لە کێشـــەکانمان ئامادە ئەبوو و بڕیارەکانم ئیستئناف و تەمیز ئەکرا، و زۆر جار پارێزەر لەجێی لایەنەکان ئامادە ئەبوو. سجل و دۆسیە و ئسلوبی محاکمات هەمان دۆسیە و سجل و شـــێوەکاری دادگاکانی عێراق بوو.

لێرەدا خاڵێکی گرنگ هەیە لەسەرمە بیڵێـــم . کاتـــێ دەســـت بەکاربوونم سەیرم کرد هەموو دۆســـیە و ئەوراق و ناســـنامەی قەزای چەمچەماڵ و دەوروبەری هەمووی هێنراوە و فەهرەست کراوە و دانراوە، خێرا ترســـم لێ نیشت بەوەی لەناو بچێ بۆیـــە پەیوەندیمان لەگەڵ جەنابی کریم ئاغای هەمەوەند کـــرد کە هیمـــەت بکات ئـــەو فایلە بگاتە چەمچەماڵ یا لە شـــوێنێکی پارێـــزراو دابنرێ دواتـــر گوازرایەوە و هەواڵەمـــان بۆ هات کـــە براوەتەوە دادگای چەمچەماڵ، پاش ماوەیەك گوازرامـــەوە بۆ تەوێڵە وە ســـەرۆکی دادگای تـــاوان: دواتـــر بۆ چۆمان و ســـەرۆکایەتی دادگای ئیستئناف و لیستی تایبەت بە خۆم بەو داوایانە تا ئێستا لام پارێزراوە خودا یاربێت لەگەڵ یادگارەکانم بڵاویان ئەکەمەوە.

مەبەســـت لە نووســـینی ئەم باسە بۆ ئەوەیە کە خوێنـــەر بزانێ دادگاکانی شـــۆڕش هەموو مەرجێکـــی دادگا و سیستمی قەزاوەتی لە خۆ گرتبوو لە بونی دادوەر- دۆسیە- تۆمار- دادگایی کردن- ئامادەبوونی لایەنی داوا و دواتر تۆمارکردن و پلەکانی طعن —تانوت-. لەو مـــاوەدا چەند ئاڵوگۆڕی یاســـا لـــە بەغـــداد روویدا وەلـــێ ئێمە ئەو ئاڵوگۆڕانەمان ڕەچـــاو نەکرد چونکە پەیوەســـت بوون بە بەســـتنەوەی یاسا و دادگا بە شـــیرازەی حکومڕانیەکی توندی شێوە سەربازی.

بەم شێوە دادگاکانی شۆڕش بەردەوامی دادگای حکومەتـــی عێراق بو دور لە نزعە و یاســـا لە خزمەتـــی حوکمدا بێت. بەڵکە بو خزمەتـــی هاووڵاتیان و دادگای شـــۆڕش تەواو سەربەست بـــو و بڕیارەکانـــی وەك ووتـــم هەمو قوناغەکانـــی- طعن- تانـــوت لێداتی ئەبـــری. و دادوەرەکان بە عام هەمان دادوەرەکانی عێراق بون کە پەیوەســـت بوبون بە شۆڕشـــەوە، و ئەوقسانە نا دروســـتە کە هەندێ کـــەس ووتویانە شۆڕش بۆخیان یاسایان دانابو، بەڵکە شـــۆڕش قەت ئەوی لای من تۆمارە و لە زۆر کەســـی کەم پرسیوە و زانیوە تێکەڵـــی کاروبـــاری دادگا نەبوون و جەنابـــی ڕەحمەتی مەلا مصطفی لەم بارەوە زۆر بە ئاگا بو لە کەسی قبوڵ نەدەکـــرد ئیدارە، هێز خەڵکی دەســـت ڕۆیشـــتو تێکەڵی کاروبـــاری دادگا بن. ئەمـــە واقعیکـــە لام و ئەیڵێم وە بۆخوم باکـــم بە کەس نیە و لەســـەر (جبرائیل)یش هەق ئەڵێم کە دادگای شـــۆڕش بەردەوامی دادی حکومەتی چەند ســـاڵەی عێراق بو و بەردەوامی کارەکانی بە گوێرەی یاساکانی عێراق بـــو لە بـــاری پەیڕەوکردنی یاســـا و صیغەی قانونـــی و مەوداکانی طعن و پلەکانی دادگا تاوان ئیســـتئناف- تەمیـــز و دادوەرەکان لـــە شـــارەکانی کوردســـتان و بەغـــدادوە هاتبونە ناو شۆڕش. دەوری یاسای قەزائیان زۆر بە سود و دروست و سەربەرزی گێڕا. هاتنی ئەمانە بۆ شـــۆڕش دەفعێکی گەورە بۆ چەســـپاندنی بیری قەزاوەت لە ناو شۆڕشدا و ئەتوانم بڵێم هاتنیان بۆخۆی شۆڕشـــێکی تر بوو لە بارەی بەرەوپێش بردنی دەستگای قەزاوەت لە کوردســـتان و لە ناوچە ئازادکراوەکانا کە بە نوێکردنەوەی کاری دادوەری و دادگایی کردن لە شۆڕشـــدا ناونرا و زۆرێك لەم دادوەرە بەڕێزانە پاش لێدانی شۆڕش گەڕانەوە دادگاکانی ناوڕاست و خوارووی عێراق چونکە حکومەتی عێراق سوودمەند بوو لە تواناو نەزاهەت و فکری قەزائیان.

ناوی ئەو بەڕێزانە هەڵبەت پارێزراوە و هەمـــوو دادوەران و پارێزەرانی ئەوکاتە یەکتر ئەناســـن و لام وایە کەسانێکیان یادگاری شۆڕشـــیان نووسیوە. بەڵام ئەوی ئاگادار بم سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەتـــی هەرێـــم تا ئێســـتا ئەم لایەنەی وەك پێویســـت نەخستۆتە بەر نیگا. کە پێم وایە ئەو کەس و نووسەر و لایەنانـــەی کە ویســـتیانە مێژووی شـــۆڕش بنووســـنەوە با لێرەوە دەست پێ بکەن. چونکە ئەمە ســـەرچاوەی مێژووی نوێی گەلەکەمانە. لەگەڵ ڕێزم بۆ هەمووان.

**سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەتی هەرێم تا ئێستا لایەنی دادگاکانی لە شۆڕشی ئەیلوودا وەک پێویست نەخستۆتە بەر نیگا**

**بۆخوم باکم بە کەس نیە و لەسەر (جبرائیل)یش هەق ئەڵێم کە دادگای شۆڕش بەردەوامی دادی حکومەتی چەند ساڵەی عێراق بوو**

# وەفاداری و روحی لاوێتی لەیادی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا





**پشتیوان سادق** *

ئەگەرچی تەمەنی ئێمە لە شۆڕشی ئەیلوولدا نەبووە، بەڵام هەموو کەسێکی ئەم وڵاتە ئێمە و نەوەکانی ئەیلوولیش پێویستە سوود لە شاکارە مێژووییەکان وەربگرین بەگشتی و خوێندنەوەیان بۆ بکەین، تێکۆشەرانی ئەیلوول دوێنێیان بەئەمڕۆ گۆڕی، دەبێ ئێمەش هەوڵ بدەین ئەمڕۆ و داهاتووی گەش بۆ میللەتەکەمان دروست بکەین.

شۆڕشی ئەیلوول بە رابەرایەتی بارزانی نەمر ئەو قوتابخانەیە بوو کە کوردی فێری بەرەنگاربوونەوە کرد، وجودی نەتەوەیی نیشتمانی کوردستانی پاراست، پرەنسیپی یەکریزی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی بڵاوکردەوە.

شۆڕشێك بوو لەپێناو مافی چارەی خۆنووسین و دیموکراتی و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ و ئاسۆی پڕشنگداردا، چەندین رۆڵەی کوردستانی کردە قوربانی.

لەئەنجامی ئەم شۆڕشەدا وەرچەرخانێکی دیرۆکی لەژیانی مرۆڤی کورد و باری سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان روویدا، تا لەرێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ بەشێك لە ئامانجەکان هاتەدی.

کە یادی شۆڕشی ئەیلوول دەکەینەوە، یادی بارزانی نەمریش دەکەینەوە وەك مرۆڤێکی کەم وێنەی ماندوو نەناس و رێنیشاندەر کە چیاکانی کوردستانی بەرز و بڵندتر کرد، فێری بەرگری و ئازادی و ئاشتی کردین، هەموو تەمەنی خۆی لەپێناوی کردە قوربانی، بە عەدالەتی و دڵسۆزی و سادەیی خۆی توانی کورد بە دنیا بناسێنێت، لەو کاتەدا کە ئەوپەڕی بێدەنگی لەسەر قەزیەی کورد هەبوو، هەربۆیەش سەدان سیاسەتمەدار و رۆژنامەنووسی غەیرە کورد بە سەرسوڕمانەوە باسی دەکەن، هەر بۆیەش وێنەی بارزانی لەناو دڵی ملیۆنەها کەسی خاوەن وێژدان و مرۆڤ دۆست دروست بووە.

هەروەها کە یادی شۆڕشی ئەیلوول دەکەینەوە، یادی دەست و تفەنگەکانی ئەو تێکۆشەرانە و بیروباوەڕ و برسێتیان و رۆڵی ئافرەت و پیاو و گەنجی گوندەکانی کوردستان دەکەینەوە، یادی

## ژمارەیەك فەرماندەو پێشمەرگەی هێزی سەفین ساڵی ١٩٦٤ لەچیای سەفین



داستانەکانی شاخۆلان و سەفین و دەشتی هەولێر و هندرێن و گەلی زاخۆ و زۆزك و پیرس و سەدان داستانی تر.

هەروەها یادی هێزە خۆڕاگرەکانی سەفین و دەشتی هەولێر و رزگاری و حەمرین و باڵەکایەتی و بێتواتە دەکەینەوە.

لە سایەی ئەم خەباتەدا زۆر دەسکەوتی گەورە بەدی هاتوون لەئاستی دەستووری و یاسایی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری بۆ کورد چ لەعێراق یان لە کوردستاندا.

وەك بەشێکی زیندوو لەژیانی کوردەواری ئەم مێژووە شانازییە بۆمان، پێویستە ئێستا و داهاتووش نەوەی پێ جۆش و پەروەردە بکرێ، پارتی دیموکراتی کوردستان وەك حزبێکی گەورەی خاوەن ئەزموون کەڵەکە کراوی خەباتی شۆڕشگێڕی و ململانێی سیاسی و دەسەڵاتدار، کە خاوەن دیموکراسی کورد و فکری قەومییە. لەگەڵ نوێگەری و جیهانگەری وەك ئامراز و شێواز و سستەمی حوکمڕانی.

سیاسەت و تێڕوانینی پارتی بۆ بوارەکانی ژیان وامان لێدەکات چاوەڕوانی خەڵك بۆ ئەم حزبە زیاتر بێ لە داهاتوودا، چ وەك زیاتر بە موئەسەسات کردنی دەزگاکان، گرنگیدان بەتوێژی کارای کۆمەڵگە (لاوان و قوتابیان و ئافرەتان)، هەروەك چۆن پارتی لە شۆڕشدا سوودی لەتوانا و وزەی لاوان وەرگرت و هەزاران لاوی کردە قوربانی بۆ وڵات.

لای هەمووانیش روونە کە سەرۆك مسعود بارزانی هەڵگری سمبولی ئەو فکرەیە کە روحی لاوێتی و لاوەکان:

١- دامەزرێنەری بزاڤی نیشتمانی و نەتەوەین بۆ وڵات و حزبەکان، ئەمانە دەتوانن گڕوتین بدەنە هەموو بوارەکانی ژیان.

٢- بەسوود وەرگرتن لەخەبات و تێکۆشانی تێکۆشەران دەکرێ هەزاران گەنجی خاوەن فکری لاوێتی و کە ئەرك و مافەکانیان بزانن پەروەردە بکرێن، هێنانیان بە بەرنامە لەسەر بنەمای دادپەروەرانە و مرۆڤانە، تا گۆڕان و پێشکەوتن لە هەموو بوارەکان دروست بکرێ.

سڵاو و رێز لەپێشمەرگەکانی ئەیلوول و هەموو پێشمەرگەی کوردستان.

***بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان**



## کۆنفرانسی ٥٠ساڵەی شۆڕشی ئەیلول بنیاتنانی دامەزراوەیکردنی دەوڵەتە



**عەبدولڕەحمان سدیق ***

> شۆڕشی ١١ی ئەیلول یەکەمین شۆڕش بوو کە ڕێکەوتنامەی فەرمی بەحکومەتی عێراق مۆرکرد

شۆڕشـــی ئەیلـــوول لەمێژووی کوردســـتانی گەورەدا، شۆڕشـــێکی ئەوتۆ بوو کە پێویست بـــەوە دەکات، مێژوونووســـان و توێژەران وردتر و دوورتر لەسەرەتاو ســـیماکانی بڕوانن و وانە و پەندو ســـوودی زۆری لێوەربگرن بۆ ئێســـتا و ئایندەی کوردســـتان، چونکـــە ئەگەر کورد خۆی ئـــەو کارە نـــەکات ئەوســـا دوژمنانی گەلەکەمان، هەر یەکەو لە راســـت خۆیەوە لە نووســـینی مێژوویی ئامێزدا، یان لە شێوازی بیرەوەیی تاکە کەسیدا، ئەو توێژینەوەیە دەکەن بە ئاراستەی قازانجی خۆیان.

شۆڕشـــی ئەیلوول سیمای زۆر گرنگی هەبوو لە ئاســـتی نەتەوەییدا، کـــە دەکرێت ئاماژە بە هەندێکیان بدەین وەك نموونە:

یەکەم: لەســـەر ئاســـتی فیکر و فەلسەفە و پاشخاندا، شۆڕشێکی نەتەوەیی بوو، کە هەموو تاکێکی کورد خۆی تێدا دەدۆزییەوە، بەهەست و ســـۆز رۆژانە لەگـــەڵ رووداوەکانیدا دەژیاو بە دوای هەواڵ و چالاکـــی و ئەنجامەکانیدا دەچوو.

دووەم: لـــەرووی جوگرافییەوە، شۆڕشـــێکی سەرتاســـەی بوو هەمـــوو ناوچەکانی دیکەی کوردستانیش زۆر لە نزیکی شۆڕشەوە بوون.

شۆڕشـــی ئەیلوول رۆڵی گـــەورەی هەبوو لە ناســـاندنی هەموو ناوچە دوورەکانی کوردستان بە یەکدی و گیانی ناوچەگەریی نەهێشـــت، کوردســـتان مەیدانی چالاکییەکانی بوو، نەك تەنها ناوچەیەکی دیاریکراو.

ســـێیەم: لەرووی تەمەنەوە، شۆڕشـــی هەموو تەمەنەکان بوو، شۆڕشـــی هەموو نەوەکان بوو، لاوێـــك وەك پیرێك، نەوەی نـــوێ وەك نەوەی کۆن، بەیەك شـــێوە لە شۆڕشیان دەڕوانی و بە شۆڕشی خۆیانیان دەزانی.

چوارەم: لـــەرووی رەگەزەوە، شۆڕشـــی پیاو و ئافـــرەت بوو، بەتایبەت لەو ســـەردەمەدا کە ئافرەت وەك ئەمڕۆ ئاشـــنا نەبـــوو بە ماف و ئەرکەکانـــی، بەڵام لەو ســـەردەمەدا ئافرەتان ئابوونـــەی مانگانە و یارمەتـــی تایبەتیان بۆ شۆڕش هەبوو.

پێنجەم: لەرووی میکانیزمی کارو تێکۆشانەوە، شۆڕشـــێکی جوامێرانەو، خاوێـــن بوو، هیچ رۆژێك پەنای بۆ کاری تیرۆریستی و تۆقاندنو تەقینەوەوکوشـــتنی خەڵکی مەدەنی نەبردووە، بەڵکو تەنها بەرگریی لەخۆی و خەلك کردووە لەبەرامبـــەر هێرشـــی دڕندانـــەی هێزەکانی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق.

شەشـــەم: لە رووی دیموگرافییەوە، شۆڕشی شارو لادێ بوو لەیەك کاتدا، کاتێك گوندەکان مەیدانی چالاکی پێشمەرگەبوون، شارەکانیش مەیدانی کاری سیاسی نهێنی و رێکخراوەیی بوون.

حەوتەم: لـــەرووی راگەیاندنەوە، شـــۆڕش بە هۆکارەکانی راگەیاندنی ساکاری ئەوسای وەك نامیلکەو گۆڤاری دەستنووس و رۆژنامە، کتێب و ئێزگـــەو، تیپی هونەری و کۆڕی ئەدیبان و و نووســـەران و..هتد رۆڵی گەورەی هەبوو لە پێگەیاندنی ســـەدان کادیـــری راگەیاندکار و بەردی بناغەی کاری راگەیاندنیشی دانا.

هەشتەم: لە رووی پەروەردەو فێرکردنەوە، وێڕای خەباتی چەکداریی، شۆڕش بایەخی زۆری دا بە قوتابخانە و مامۆستا و پرۆگرامی خوێندن لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا، تەنانەت بایەخدانەکە گەیشـــتە ئاستی خوێندنی بالاش



# بەرەو کۆنفرانسی (50) ساڵەی شۆڕشی ئەیلوول لە (2011) دا

**شۆڕشی ئەیلول لەئاستی فیکرو فەلسەفەدا پاشخانێکی نەتەوەیی بوو**

لەساڵانی دواتردا.
نۆیەم: لەرووی ئامانجەوە، شۆڕشی ئەیلوول، یەکەم شۆڕش بوو کە توانی رێککەوتننامەیەکی فەرمی، بە حکومەتی ناوەندیی ئەوسای عێراق مۆر بکات کە بەشێکی باشی مافەکانی کوردی تێدا نووسرابێت.
دەیەم: لەرووی ئەنجامیشەوە، شۆڕشی ئەیلوول تاکە شۆڕشێکە کە درێژەپێدانی هەبووە، تا ئەو ساتەی کە توانیویەتی بگاتە ئەمڕۆ و بەرهەمەکانی خۆی ببینێت لە پەرلەمان و حکومەت و دامەزراوەی مەدەنی و سەربازیی و خزمەتگوزارییدا.
لەبەر ئەم هۆیانە و زۆری دیکەش، جێگەی خۆیەتی کە کۆنفرانسێکی یەك هەفتەیی ئەکادیمی- زانستی لە ئەیلوولی ساڵی داهاتوودا (٢٠١١) ببەسترێت لە هەولێری پایتەخت بۆ هەڵسەنگاندن و دۆزینەوەی خاڵە بەهێزەکانی شۆڕش و پەرەپێدان و گەشەدان بە مانا و هێماو سیمبولەکانی، لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئایندەی شۆڕش و بەرجەستەکردنیان لە کەلتووری دەوڵەت و بنیاتنانی دامەزراوەیی کوردستانیدا.
بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێت، چەندین تەوەری گرنگ سەبارەت بە ئایندە و ئێستا ئامادەبکرێت لە روانگەی شیکردنەوەی رابووردووی شۆڕشەوە، بە ئامادەبوونی کەسایەتی سیاسی و ئەکادیمی نێوخۆ و بیانی بۆ لێدوان و شرۆڤەکردنی ئامانج و هۆکار و فەلسەفەی شۆڕش و رێبەرانی.
لەو تەوەرانەش کە بایەخی زۆریان دەبێت بۆ شیکردنەوە و توێژینەوە بۆ نموونە:
یەکەم: شۆڕشی ئەیلوول. خوێندنەوەیەك بۆ بارودۆخی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی ئەو سەردەم وکاتە.
دووەم: شۆڕشی ئەیلوول لە روانگەی کەسایەتییە سیاسییە دەوڵەتییەکانی عێراقەوە.
سێیەم: شۆڕشی ئەیلوول لە یادەوەریی کەسایەتییە نێودەوڵەتییەکان و بیانییەکاندا.
چوارەم: شۆڕشی ئەیلوول و خەباتی سیاسیی و دیپلۆماسیی.
پێنجەم: پانۆرامای دانوستانی نێوان شۆڕش و حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقدا.
شەشەم: شۆڕشی ئەیلوول لە بازنەی ململانێی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئەوسادا.
حەوتەم: پەندو وانە و دەستکەوتەکانی شۆڕش لە قۆناغە جیاجیاکان و وێستگە سیاسییەکاندا.
هەشتەم: توێژینەوەی شیکاریی رێککەوتننامەی یازدەی ئاداری ساڵی (١٩٧٠).
نۆیەم: شۆڕشی ئەیلوول و هەڵوێستی سیاسیی وڵاتانی ناوچەکە و دراوسێی عێراق.
دەیەم: توێژینەوەی شیکاری بۆ دەق و بارودۆخی رێککەوتننامەی شوومی جەزائیری نێوان عێراق و ئێرانی ئەوسا.

**شۆڕشی ئەیلول بناغەی پێگەیاندنی سەدان کادیری راگەیاندکاربوو**

ئەمانە و دەیان تەوەرەو بابەتی دی، دەکرێت ببنە هەوێنی ئەو کۆنفرانسە، کە بەدڵنیاییەوە رۆڵی گەورەی دەبێت لە رووی نەتەوەیی و مێژووییەوە بۆ گرێدانی ئەمڕۆ بە رابووردووی گەلەکەمانەوە و بۆ ناساندنی زۆر لایەنی شۆڕش و ئامانجەکانی بە نەوەی نوێ، هەروەها بۆ نوێکردنەوەیەکی سەردەمییانەی ئامانج و ئەنجامەکانی شۆڕش و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئاشتیخواز و یەك ریز و تەباو قۆڵکردنەوەی بە دامەزراوەییکردن و بنیاتنانی کەلتووری دەوڵەتی و بەرجەستەکردنی ئامانجەکانی شۆڕش لە دامەزراوە سیاسیی و ئابووری و خزمەتگوزارییەکانی هەرێمی کوردستاندا بەمەبەستی بەدیهێنانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئاسوودەکردنی خەڵك و بۆ خەڵك ژیان و بۆ خزمەتکردنی خەڵك و خاك و وڵات، لە بازنەی فراوانی شۆڕش و بە رێزگرتنیش لە بازنە لاوەکییەکانی جیاوازیی فیکریی و مەزهەبی، بەمەبەستی هەرچی زووتری کۆکردنەوەی تواناو هەوڵە جیاجیاکان لە رێگەیەکی فراوان و پانرەوی کوردستانیدا، لەم زەمەنی عەولەمە و قەوارە گەروەکانی جیهاندا.

# عێراق دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و



# هەوڵەکانی بایدن بۆ پێکهێنانی حکومەت





د.مەحمود عوسمان بۆ گوڵان:

# زۆر ئەستەمە بتوانرێ بەم نزیکانە پرسی سەرۆک وەزیران یەکلایی بێتەوە و کۆتایی بەم تەنگژە سیاسییەی ئێستای عێراق بێت

**جۆزیف بایدن جێگری سەرۆکی ئەمریکا ئامانجی سەردانەکەی بۆ عێراق و کوردستان گەیاندنی لایەنەکانی عێراق بوو بە ڕێککەوتنێك**

**جۆزیف بایدن بۆیە لەگەڵ بەڕێز مسعود بارزانی کۆبۆوە، چونکە کورد لە عێراق فاکتەرێکی گرنگە بۆ چارەسەرکردنی تەنگژەی سیاسیی**

**هاوپەیمانی کوردستانی داوای ٪۲۵ی کردووە لە ژمارەی وەزارەتەکان**

باری سیاسی ئێستای عێراق بارێکی هێندە ناسەقامگیر و ئاڵۆزە زۆر زەحمەتە چاودێری سیاسی بتوانێت مەزندەکانی بەئاسانی دەرببڕێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لایەنەکان ناتوانن بگەنە ڕێککەوتنێکی هاوبەش لەسەر چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، ئەمە بێجگە لەوەی کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لەوادەی خۆی و مەترسی عێراقییەکان لە گەڕانەوەی عێراق بۆ بازنەی توندوتیژی و هەڵکشانی کردەوە تیرۆریستییەکان هێندەی دیکە ڕەوشەکەی ئاڵۆز کردووە، لەم بارودۆخە نا ئاساییەدا جۆزیف بایدنی جێگری سەرۆکی ئەمریکا لەلایەك و ڕۆبەرت گیتس وەزیری بەرگری ئەمریکا سەردانی عێراقیان کرد، ئامانجی رووکەشی سەردانەکەی جێگری سەرۆك و وەزیری بەرگری لەم کاتەدا بۆ عێراق بەو جۆرە لە میدیاکان ئاماژەی پێکرا کە تەنیا بۆ بەشداریکردن بووە لە ڕێورەسمی کشانەوەی هێزەکان، بەڵام چاودێرانی سیاسی سەردانی جۆزیف بایدن تەنیا لەو مەراسیمە کورت ناکەنەوە و پێیانوایە هاوکات لەگەڵ بەشداربوونی لەو ڕێورەسمە هەوڵەکانی بەردەوام بوون بۆ نزیککردنەوەی لایەنە سیاسییەکان، لەم چوارچێوەیەشدا سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و لەگەڵ بەڕێز مسعود بارزانی کۆبووەوە، سەبارەت بە هاتنی بایدن بۆ عێراق و دوای ئەویش سەردانی بۆ هەرێمی کوردستان، د.مەحمود عوسمان ئەندامی فراکسیۆنی کوردستانی بەمجۆرە رای خۆی لەسەر ئەو سەردانە بۆ ئەم راپۆرتە دەربڕی و وتی: ((جۆزیف بایدن جێگری سەرۆکی ئەمریکا بۆ دوو مەبەست سەردانی عێراقی کردووە، یەکێکیان ئامادەبوون بوو لەبۆنەی کشانەوەی بەفەرمی بەشێك لەهێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و جێگۆڕکێ بە فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، هەروەها گەیاندنی لایەنەکانی عێراق بە ڕێککەوتنێك بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، ئەگەرچی حکومەتی ئەمریکا هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدابووە لەداهاتوویێکی نزیکدا حکومەتی نوێ پێکبهێنرێ، بەڵام تا ئێستا هەوڵەکان بە ئەنجام نەگەیشتوون، لەگەڵ ئەوەشدا جێگری سەرۆکی ئەمریکا سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووەو لەگەڵ سەرۆکی کوردستان کۆبۆتەوە، چونکە کورد لە عێراق فاکتەرێکی گرنگە، باس لە پێکهێنانی حکومەتی نوێ و چارەسەرکردنی تەنگژەی سیاسیی عێراق و وەرگرتنی راو سەرنجی کاك مسعود بارزانی و پرسی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، گەیاندنی لایەنەکان بە ڕێککەوتن کارێکی وا سانا نییە. لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوامبوونی هەوڵەکان کاریگەری ئەرێنی هەیە)).

لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان و سەبارەت بە گرنگی ڕۆڵی کورد لەپرۆسەی سیاسیی عێراقدا د.مەحمود وتی: ((کورد ناتوانێ لایەنەکان بگەیەنێتە یەکتر، چونکە یەك کێشەی سەرەکی هەیە لەسەر ئەوەی لیستی دەوڵەتی یاساو ئیئتیلافی نیشتمانی کامەیان کاندیدێك بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران دەستنیشان بکەن، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆك کۆمار لەهەوڵی ئەوەدابوونە لایەنەکان بگەیەننە ڕێکەوتنێك، بەڵام هەوڵیش سنووردارە، کورد بەشێوەیەکی گشتی بە تایبەت جەنابی کاك مسعود بارزانی بیانگەیەننە ڕێکەوتنێك لەسەر دابەشکردنی سێ پۆستە سیادیەکە بەتایبەت پۆستی سەرۆك وەزیران، کورد لەعێراق ڕۆڵی ئەرێنی دەبینێت، کورد لەخەمی ئەوە بووە بەزووترین کات حکومەتی نوێ پێکبهێنرێ، حکومەتێك بێت بە بەشداریی سەرجەم لایەنەکان، پێموایە یەکلایی کردنەوە بۆ دەستنیشانکردنی کاندیدێك لەنێوان ئیئتیلافی نیشتمانی و لیستی دەوڵەتی یاسا تا رادەیەکی زۆر چارەی تەنگژەی سیاسیی عێراق دەکات، چونکە ئیئتیلافی نیشتمانی لەنێو خۆیاندا رازی نین بە کاندیدکردنی نوری مالیکی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران، زۆر ئەستەمە بتوانرێ بەم نزیکانە پرسی سەرۆك وەزیران یەکلایی بێتەوە و کۆتایی بەم تەنگژە سیاسییەی ئێستای عێراق بێت، ئەگەرچی یەکلایی بوونەوەی ئیئتیلافی نیشتمانی لە سەر دەستنیشانکردنی کاندیدێك، دوایی دەبێت ئیئتیلافی نیشتمانی و لیستی ئەلعێراقیەش لەسەر یەکلایی کردنەوەی کەسێك بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران ڕێکبکەون، ئەمەش زەحمەتە)).

ئەو ئاڵۆزییەی کە د.مەحمود ئاماژەی پێکرد یەکێکە لە ئاستەنگە سەرەکییەکانی پرۆسە سیاسییەکە، بۆیە پرسیارمان لە پەرلەمانتاری لیستی دەوڵەتی یاسا عیزەت شابەندەر کرد، سەرەتا سەبارەت بە کاریگەری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەم بارۆدۆخەدا، شابەندەر بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: ((کشانەوەی هێزەکان و کاریگەرییان پەیوەستە بە جۆری ئامانجەکان. ئەگەر ئامانجەکان سیاسی بێت، ئێستا عێراق ڕێککەوتنی ستراتیژیی و ڕێککەوتن لەسەر کێشانەوەی هێزەکانی لەگەڵ ئەمریکا ئیمزا کردووە، ئەم شتەش پێگەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهێزتر دەکات لەپێوەندییەکانی لەنێوانی هەردوو وڵات. بەڵام ئەگەر بێت و لەلایەنێکی دیکەوە سەیری ئامانجەکانی ئەمریکا لە شەڕەکەی لەدژی تیرۆر و قاعیدە بکەین، پێموایە کە ئەو زیانەی زۆرەی کە بە ئەمریکا گەیشتووە، لەگەڵ فشارەکانی بارودۆخی ناوخۆی ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەڵێنەکانی ئۆباما پێش هەڵبژاردنەکان، ئەمریکا ناچاردەکات هێزەکانی لە عێراق بکشێنێتەوە. تەنانەت گەر بەم ئەنجامەش دەرچێت، کە هەرگیز ناتوانین ناوی لێبنێین بە کۆتایی هێنانی شەڕی ئەمریکا لەدژی تیرۆر لەسەر خاکی عێراق. ئەمەش نەك مانای ئەوەیە

شەڕەکەی بردۆتەوە، بەڵکو مانای ئەوەیە شکستی بەدەستهێناوە، هەروەها هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە دۆڕاوە. سەبارەت بە هەڵکشانی توندوتیژیی دوای کشانەوەی هێزەکانیش وای دەبینم ئەمە گەڕانەوە نییە بۆ چوارگۆشەی توندوتیژی، جگە لە پاشماوەکانی ڕژێمی پێشوو و ڕێکخراوی تیرۆریستی قاعیدە هیچ کەسێك نییە هانی گەڕانەوە بدات. هەروەها ئەگەر بێت و ئەم شتە ڕووبدات ئەو کات هەموومان دۆڕاو دەبین. هەربۆیە پێموایە کە ئەو سەردەمە تێپەڕیوە و دووبارەبوونەوەی مەحاڵە. ئەو ئاستەنگ و ئاڵۆزی و گرفتانەی کە ئەمڕۆ دەیبینین بریتییە لە ژانی لەدایکبوونی سیستەمێکی سیاسیی و دیموکراسی و فیدراڵی دروست. هەمووماں دەزانین کە ڕژێمی پێشوو لەسەر بنەمای عەقیدەیەکی سیاسی و دیکتاتۆری و بەپشت بەستن بە کوشتن و تۆقاندن حکومڕانیی عێراقی دەکرد. هەر بۆیە، بینیمان چۆن ئەو ڕژێمە بەخۆی و عەقیدە سیاسییەکەی ڕووخان. عێراق وەکو ئافرەتێکی دووگیانە بە سیستەمێکی سیاسیی پتەو و بەهێز و مەزن، بەشێوەیەك کە لە داهاتوودا دەبێت بە نموونەیەك بۆ سیستەمە سیاسییەکانی ناوچەکە. ئەم بارەش زۆر بە زەحمەتی دروستبووە و پێموایە لەدایکبوونیشی زۆر زەحمەتر و ئاڵۆزتر دەبێت. ٧ ساڵ لە تەمەنی مێژوودا ماوەیەکی زۆر نییە، بەڵام تەنیا ئەوەندەیە کە بە ڕۆژ و ساتەکانی بۆ خەڵك ئەستەم و زەحمەتە. بەڵام لەوە دڵنیام کە پاش ٢٥ ساڵ بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم ٧- یان ١٠ ساڵە باشترین ساڵان بووە لە مێژووی عێراقی مۆدێرن، لەبەرئەوەی هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە ئەم بارودۆخە عێراق بەرەو ئاراستەی سیستەمێکی دیموکراسی و فیدراڵی دەبات)).

لەبەشێکی دیکەی وتووێژەکەمان و سەبارەت بە تێڕوانینی ئەم پەرلەمانتارەی لیستی دەوڵەتی یاسا بۆ باری سیاسیی ئێستای عێراق و ئەو پرۆژەی فراکسیۆنە کوردستانییەکان پێشکەشیان کردووە، شابەندەر بەمجۆرە سەرنجەکانی خۆی بۆ ئەم ڕاپۆرتە خستەڕوو وتی: ((بارودۆخی سیاسیی عێراق کێبڕکێیەکی لەخۆگرتۆتەوە کە بریتییە لەململانێی نێوان دوو دەسەڵات: ئەمریکا و ئێران. لایەنی ئەمریکی لەهەوڵدانە بۆ پاڵپشتیکردنی ئەو پرۆژە



عیزەت شابەندەر بۆ گوڵان:

# ئەو ئاستەنگ گرفتانەی ئەمڕۆ دەیبینین لە ژانی لەدایکبوونی سیستەمێکی سیاسیی و دیموکراسی و فیدراڵی دروستە

سیاسییەی کە لەدژی ئێران-ە و ڕێگرە لەبەردەم فراوانکردنی دەسەڵاتەکانیان لە عێراق. هەر بۆیە، هەوڵەکانی بایدن و نوێنەرەکانی کۆشکی سپی و کۆنگرێس، کە بەردەوام سەردانی عێراق دەکەن، بۆ مەبەستی پاڵپشتیکردنی ئەو جۆرە پرۆژە سیاسییانەیە بۆ پێکهێنانی حکومەت، کە لەگەڵ تێڕوانینی ئەمریکا دەگونجێت. شتەکەش ڕوون و ئاشکرایە و نهێنی نییە کە هەوڵدەدەن بۆ لێکنزیککردنەوەی هەردوو لیستی «دەوڵەتی یاسا» و «عێراقییە». ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا پێشبینی خۆمان بۆ داهاتوو دەربڕین، ئەوا لەگەڵ ئەوەی پێموایە لە سیاسەتدا هیچ شتێك بەناوی «پێشبینی» بوونی نییە، وەك پێشبینیی جادووکەر و سیحربازەکان. بەڵام هەندێ پێشبینی هەیە کە لەسەر بنەمای پێشهاتەکان دروستبووە. پێموایە کە دانپێنانی لیستی «عێراقییە» بە واقیعەکە و قبووڵکردنی بڕیارەکەی دادگای ئیتیحادی لەگەڵ پەسەندکردنی کاندیدەکەی «دەوڵەتی یاسا»، هێزێك بە پرۆژەکەی تر دەبەخشێت، کە پرۆژەکەی «هاوپەیمانی نیشتمانی»یە.

هاوکات لەو بڕوایەدام کە ئێران هەوڵێکی زۆر دەدات لە فشارخستنە سەر هاوپەیمانەکانی لەبارەی پەسەندکردنی مالیکی وەکو سەرۆك وەزیران، تەنانەت گەر ئەو کارەشی لا پەسەند نەبوو، بەڵام مانەوەی «هاوپەیمانی نیشتمانی» وەکو ماڵی حکومەتی عێراقی، ئەوە ئەم شتە بەلای ئێران-ەوە لەهەموو ناوێك گرنگترە کە خاوەن گەورەترین شانس ببێت لە وەرگرتنی بەرپرسیارێتیی پۆستی سەرۆکایەتی وەزیران لە حکومەتی داهاتوو. لەوانەیە ئەمەیان ببێت بەو سوپرایزەی کە ئەمڕۆ باس دەکرێت، بەتایبەتی پاش ئەو هەموو هێڵە سوورەی کە لایەنەکانی «ئیئتیلافی نیشتمانی» هەڕەشەیان پێ دەکرد)).

سەبارەت بە پرۆژەی فراکسیۆنە کوردستانییەکانیش شابەندەر بەمجۆرە ڕای خۆی لەسەر دەربڕی و وتی: ((لەڕاستیدا، ئەو بەرنامەیەی کە قەوارە کوردستانییەکان پێشکەشیان کردووە، پرۆژەیەکی چارەسەر نییە بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە، بەڵکو زیاتر بریتییە لە ژمارەیەك داواکاری لایەنی فراکسیۆنی کوردستانی، هەندێ لەو داواکارییانەش سەقفی بەرزیان هەبوو. هەربۆیە، من بە چاوێك لەم داواکارییانە دەڕوانم، هاوشێوە لەگەڵ تێڕوانینم بۆ داواکارییەکانی لیستی «ئەلعێراقییە» و هەروەها داواکارییەکانی لیستی «دەوڵەتی یاسا»، یان داواکارییەکانی «ئیئتیلافی نیشتمانی». «فراکسیۆنە کوردستانییەکان» لایەنێکی سیاسی و سەرەکین لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا، مافی خۆیانە داواکارییەکانی خۆیان پێشکەش بە قەوارە سیاسییەکانی دیکەدا بکەن، کە لەگەڵ لایەنەکانی دیکە دەبنە هاوبەشێکی سەرەکی لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتوودا. تەنیا لەو خاڵەدا هاوڕانیم، بەوەی ناکرێ ئەوەی لەناو ئەو چەند پەڕەیە نووسراوە بنرێت بەناوی بەرنامە، لەبەرئەوەی ئەوە بەرنامەیەك نییە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکە، بەڵکو زیاتر داواکارییە. منیش بەو شێوەیە تەماشای دەکەم کە ئەمە داواکاری کوردەکانە و بریتییە لە داواکاریی نشتیمانی کە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ داواکارییەکانی دیکەی هەموو قەوارەکانی دیکە لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقی، کە مایەی تاوتوێکردن و شیکردنەوەیە، هەروەها مایەی دانوستانیشە)).

**یەکلایی کردنەوە بۆ دەستنیشانکردنی کاندیدێک لەنێوان ئیئتیلافی نیشتمانی و لیستی دەوڵەتی یاسا تا ڕاددەیەکی زۆر چارەی تەنگژەی سیاسیی عێراق دەکات**


**ئەگەر بێت و گەڕانەوە بۆ چوارگۆشەی توندوتیژی ڕووبدات، ئەو کات هەمووماں دۆڕاو دەبین**

**ئەو بەرنامەیەی کە قەوارە کوردستانییەکان پێشکەشیان کردووە، پرۆژەیەکی چارەسەر نییە بۆ دەربازبوون لە قەیرانەکە، بەڵکو زیاتر داواکارییە**

گوڵان
ژمارە (٧٩٧) ٢٠١٠/٩/٦



**جگە لە ئەگەری ڕاگەیاندنێک تاکو جەژن، هیچ موفاجەئەیەکی دیکە بوونی نییە**



تاریق حەرب یاسناسی ناسراوی عێراق بۆ گوڵان:

# کشانەوەی هێزەکان ئەمریکای لەوڵاتێکی داگیرکارەوە گۆڕی بۆ وڵاتێکی دۆست و هاوپەیمان

تاریق حەرب یەکێکە لە یاسناسە دیارەکانی عێراق و هەروەها یەکێکە لە شرۆڤەکارە سیاسییەکانی ئێستای عێراق، هەر بۆیە بۆ قسەکردن لەسەر بای سیاسیی ئێستای عێراق و هەڵسەنگاندنی ئەگەر و پێشهاتەکان چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد و سەرەتا سەبارەت بەوەی ئایا کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بەمانای کۆتایی هاتنی شەڕە لەعێراقدا وەك ئەمریکییەکان بەو زارەوەیە ئاماژەی بۆ دەکەن و ئایا تاچەند ئەمریکا ئەم ئامانجانەی لە عێراقدا بەدیهێناوە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: ((دەتوانین بڵێین تا ڕاددەیەك بەڵێ شەڕەکە کۆتایی هاتووە، لەبەر ئەوەی ئەمریکا نزیکەی ٪٩٠ لە ئامانجەکانی وەدیهێناوە. گەورەترین ئامانجیش ئەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە وڵاتێکی داگیرکەرەوە بوو بە وڵاتێکی دۆست و هاوپەیمان، لەبەرئەوەی چوارچێوەی سەربازی شتێکە و چوارچێوەی دۆستایەتی و هاوپەیمانێتی شتێکی دیکەیە. هەروەکو ئەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بێت و بە عێراقییەکان بڵێت: «ئێمە دۆست و هاوپەیمانی ئێوەین، ئەو ڕژێمە ستەمدارەمان ڕووخاند کە ئێوەی چەوسابۆوە و لەسەر دڵتان کەوتبوو، هاوکارتان بووین لە بونیادنانی سیستەمێکی نوێ، سیستەمێکی دیموکراسی، کە ماف و ئازادییەکان دەستەبەردەکات، بەشێوەیەکی زۆرتر لەو وڵاتانەی کە چەندینساڵیان لەم بوارەدا بەسەر بردووە، هەروەها زۆر زۆرترە لەو جۆرە ماف و ئازادییانەی کە لەهەموو وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی-دا بوونی هەیە. هەروەها لەوە زۆر زۆرترە کە لە دەستووری «لوبنان»ی-دا هەیە، کە بە قیبلەی دیموکراتی دادەنرا، تەنانەت لە واقیعی ئەمڕۆی «تورکیا»-ش زۆرترە، کە لەڕووی واقیعیەوە وەك نموونە بۆ ناوچەکە سەیر دەکرا».

راستە بەشێکی زۆری ئامانجەکان وەدیهێنراون، بەڵام ڕاستییەکی دیکەش هەیە، ئاهەنگی فەرمی بۆ ئەم سەرکەوتنە نەگێڕاوە، بەڵام لەهەمان کاتدا ئاهەنگ گێڕانێکی ڕاستەقینە و ریالیستکی هەیە، ئەویش بریتییە لەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئامانجەکانی وەدەستهێناوە، ئەو ئامانجانەی کە ئەمریکا چاوەڕوانی دەکرد و کە هاووڵاتیی عێراقی بۆی تینوو بەپەرۆش بوو. وێڕای ئەمەش، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕاستگۆبوو لە بڕیارەکانی و ڕاستگۆبوو لەو بەروارانەی کە دەستنیشانی کردبوون، تەنانەت کە ڕێککەوتنەکەی نێوانی هەردوولا (ئەمریکا-عێراق) ماف بەهێزە سەربازییەکانی ئەمریکا دەدات تا ٢٠١١/١٢/٣١ لەعێراق بمێننەوە. هەربۆیە ئەم ڕۆژە، ڕۆژێکی گرنگە بۆ ئەمریکا و بۆ عێراقیش، دەبوو وەك وەفادارییەك بۆ ئەم ڕۆژە، لەسەر ئەمریکییەکان و تەنانەت عێراقییەکانیش پێویست بوو ئەو ڕۆژەیان بکردایە بە بۆنەیەکی نەتەوەیی و دەستیان بکردایە بە ئاهەنگ گێڕان. هەروەکو بینیمان گەورە بەرپرسەکانی ئەمریکا لە بایدن و گەیتس بەم بۆنەیەوە سەردانی عێراقیان کرد، ئەمە پێویستیی بە سازدانی ئاهەنگی گەورەتر بوو، لەبەرئەوەی فەرماندەی پێشووی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا «ئۆدێرنۆ» گواستراوەیەوە و جەنەڕاڵ «ئۆستن» هاتە شوێنی، جەنەڕاڵ «ئۆستن»یش بەوە ناسراوە کە جەنەڕاڵی مەشق و ڕاهێنان و هاوکاری و یارمەتی، بەپێچەوانەی «ئۆدێرنۆ» کە جەنگاوەرێکی مەیدانی و سەربازی بوو. هەربۆیە، پێموایە کە هاتنی گەورە بەرپرسەکانی ئەمریکا بۆ عێراق و پێشکەشکردنی سەرۆکی ئەمریکا بۆ ئەو جۆرە وتارانە شیاوە لەگەڵ ئەم بۆنەیە. لەبەرئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەماوەیەکی کورت سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەماوەیەکی زۆر کەمتر لەوەی کە لە شەڕی «ئەفغانستان» بەسەریبردووە، بەشێوەیەك کە تاکو ئەمڕۆش بەردەوامە و هەروەکو دەڵێن: «جەنگ سەخت و ئاڵۆز و تاڵە». هەرچەندە شەڕی «ئەفغانستان» لەساڵی ٢٠٠١دا دەستی پێکرد، هەروەها شەڕی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣دا بوو، بەڵام ئەگەر بێت و شەڕی عێراق لەگەڵ شەڕەکەی ئەفغانستان بەراورد بکەین، ئەو کات بۆمان دەردەکەوێت کە عێراق سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێناوە، تەنانەت گەر ئەم سەرکەوتنەش ڕانەگەیەندرابێت)).

**فەرماندەی پێشووی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا «ئۆدێرنۆ» گواستراوەیەوە و جەنەڕاڵ «ئۆستن» هاتە شوێنی، جەنەڕاڵ «ئۆستن»یش بەوە ناسراوە کە جەنەڕاڵی مەشق و ڕاهێنان و هاوکاری و یارمەتییە**

سەبارەت بە بەرەو پێشەوەچوونی پرۆسە سیاسییەکە و لێدوانی هەندێك لە لایەنە سیاسییەکان بەوەی لەوانەیە سوپرایزێك لە پرۆسە سیاسییەکە بێتە ئاراوە و حکومەتی داهاتوو بەشێوەی سەرسوڕهینەر و خێرا پێکبهێنرێت، تاریق حەرب بەمجۆرەی ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەروو وتی: ((قەوارە سیاسییەکان بە ئارەزووی خۆیان قسەدەکەن و قسە و لێدوانی زۆریان ڕاگەیاندووە. ئەمڕۆ دەبینین قەوارە سیاسییەکان هاوپەیمانێتی لەگەڵ یەکتری ڕادەگەیەنن و بۆ ڕۆژی دواتر ئەو جۆرە هاوپەیمانێتییە ڕەتدەکەنەوە. دەبینین ئەندامێکی قەوارەیەکی سیاسی پشتگیری لە هەنگاو و بیروبۆچوونێك دەکات کە قەوارەیەکی سیاسیی دیکە پەیڕەوی کردووە، لەهەمان کاتدا ئەندامێکی دیکەی هەمان قەوارە بەرهەڵستکاری لەو ڕەفتارانە دەکات. یەکێك لە قەوارەیەکی سیاسی دەڵێت «بەڵێ»، کەسێکی دیکە لەهەمان قەوارە دەڵێت «نەخێر». ئەمە بووە بە خەسڵەتێکی چەسپاو کە ئەمڕۆ قەوارە و کیانە سیاسییەکانی عێراق پێی دەناسرێن. پێموایە کە هیچ موفاجەئەیەك بوونی نییە. تەنیا ئەوەندەیە چەند پێشبینییەك هەیە لەبارەی ڕۆڵی

«دەوڵەتی یاسا» و «هاوپەیمانی کوردستانی» لە سەرکردایەتیکردنی پرۆسەی سیاسی، لەگەڵ ژمارەیەک لە قەوارە سیاسییەکانی ژێر باڵی «عێراقیە» و «ئیئتیلافی نیشتمانی»، بە یەکگرتنی ئەم قەوارە سیاسییانە: «دەوڵەتی یاسا» و «هاوپەیمانی کوردستانی» و بەشێك لە «عێراقیە» و بەشێك لە «ئیئتیلافی نیشتمانی» و «کوتلەی تەوافوقی عێراقی»، لەو بڕوایەدام کە بارودۆخەکان تاکو جەژن دەرەخسێت بۆ ڕاگەیاندنی شتێك. بەڵام سەبارەت بە لێدوانی کەسێك لە یەکێك لە قەوارەکان سەبارەت بە ڕوودانی موفاجەئەیەك، پێمواییە کە بێجگە لەو ئەگەرەی کە باسمکرد هیچ موفاجەئەیەکی دیکە بوونی نییە، ئەویش کە بریتییە لە ڕێککەوتنی نێوانی «دەوڵەتی یاسا» و «هاوپەیمانی کوردستانی» و ژمارەیەك لە قەوارە سیاسییەکانی دیکە. هەروەها زۆرجار کە هەندێ لە سیاسەتوان و قەوارە سیاسییەکان هەڵدەستن بە ڕاگەیاندنی هەندێ لێدوان بۆ میدیاکان، تەنیا مەبەستەکەیان بۆ ئەوەندەیە کە هانی قەوارە سیاسییەکان بدەن بۆ پەلەکردن لە پێکهێنانی دەسەڵاتێکی سیاسی و پەلەکردن لە دەستنیشانکردنی ٣ پۆستە سەروەرییەکە و پەلەکردن لە پێکهێنانی وەزارەتەکان و حکومەت. مەرج نییە هەرچی بووترێت لەڕووی واقعییەوە دروست بێت)).

ئەوەی تاریق حەرب ئاماژەی پێکرد ئەگەری ئەوە هەیە کە فراکسیۆنی کوردستان و دەوڵەتی یاسا بگەنە ڕێککەوتنێك و بۆیە سەبارەت بەپرۆژەی فراکسیۆنە کوردستانییەکان پرسیارمان لێکرد ئاخۆ ئەو وەك بێلایەنێك چۆن ئو پرۆژەیە هەڵدەسەنگێنێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا حەرب بەمجۆرە سەرنجەکانی خۆی خستەروو وتی: ((پرۆژەکەی لایەنی کوردستانی چەند ئەحکامێکی تێدایە. دەستوور چەند شتێکی دیاریکردووە و ناکرێ لەسەر هیچ سیاسەتوانێك یان هیچ قەوارەیەکی سیاسی ئەو شتانە ڕەتبکاتەوە و تەنانەت گەر ڕەتیشی کردەوە ئەوە نارەزاییبوونی بێسوود و بێنرخە. بۆ نموونە، کێشەی ماددەی ١٤٠، لەگەڵ مەسەلەی دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت و دەرکردنی بڕیاری نەوت و گاز، لەگەڵ چەندین ئەحکام و پێشنیاری دیکە کە بەشێوەیەکی تەواو و ١٠٠٪ بەپێی ئەحکامەکانی دەستوورە. هەربۆیە، پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەی هەرکەسێك بۆ ئەو پێشنیارانە هیچ شتێك لە بارەکە ناگۆڕێت، لەبەرئەوەی ئەمانە بڕیارێکی دەستووریین و جێبەجێکردنیان پێویستە. هەرکەسێ پێی خۆش بێت یان نا، ڕازی بوو یان نا، پەسەندی کرد یان پێی تووڕەبوو، بەڵام حوکمی کۆتایی ئاشکرایە. لەوانەیە هەندێ ئەحکام هەبێت کە مایەی ناکۆکی بێت، کە هاوکات تەنانەت «هاوپەیمانی کوردستانی»ش وتوویەتی دەکرێ ئەو خاڵانە ببن بەمایەی گفتوگۆ و دانوستان. بۆ نموونە: ژمارەی وەزارەتەکان، یان هەڵبژاردنی ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی وەزیران لە «هاوپەیمانی کوردستانی»، یاخود هەڵوەشاندنەوەی وەزارەت لەکاتی نارەزاییبوونی «هاوپەیمانی کوردستانی»، ئەم لایەنانە مایەی دانوستان و وتووێژە. دەکرێ ئەم خاڵانە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ وەدەستبهێنرێن لەمیانی پرۆسەکانی دانوستان و گفتوگۆ و وتووێژەکان کە ئەنجام دەدرێت بۆ مەبەستەکانی پێکهێنانی دەسەڵاتی سیاسیی نوێ. بەواتای، «هاوپەیمانی کوردستانی» داوای ٪٢٥ی کردووە لە ژمارەی وەزارەتەکان، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە «هاوپەیمانی کوردستانی» ڕازی نابێت ئەگەر ٪٢٠ی وەربگرێت لەکۆی گشتی ژمارەی وەزارەتەکان. یان کە «هاوپەیمانی کوردستانی» داوای پۆستی ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە، مانای ئەوە ناگەیەنێت کە «هاوپەیمانی کوردستانی» ڕازی نابێت ئەگەر نوێنەرێکی «هاوپەیمانی کوردستانی» نەکرا بە نوێنەری ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی وەزیران. یاخود لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی وەزارەت، بەڕای من ئەگەر هات و «هاوپەیمانی کوردستانی» هاوپەیمانێتیی لەگەڵ «دەوڵەتی یاسا» یان هەر قەوارەیەکی سیاسیی دیکە بەست و بەشداربوو لە پێکهێنانی حکومەت، ئەوکات مافی «هاوپەیمانی کوردستانی» دەکەوێت لەم داواکارییە. ئەحکامە دەستوورییەکان شتێکی نەگۆڕ و چەسپاوە و مایەی گفتوگۆ نییە، بەڵام تەنیا ئەحکام و یاسا نوێکان دەبن بەمایەی ناکۆکی و گفتوگۆ و وتووێژ. ئەگەر من ئەو پێشنیارانەم بنووسیبایە، ئەوە هەرگیز باسم لە وردەکارییەکان نەدەکرد، لەبەرئەوەی ئەگەر من و ئەگەر هەر یەکێك لە «هاوپەیمانی کوردستانی» یان لەهەر قەوارەیەکی دیکە، هەموومان پابەندین بە دەستوور و ناکرێ شتێکی زیاد بنووسین کە لە دەرەوەی دەستوور بێت. دەبوایە لەسەر «هاوپەیمانی کوردستانی» تەنیا ئاماژەی بە ئەحکامەکانی دەستوور بکردایە و بە خاڵێك کۆتایی پێ بهێنایە، بەبێ ڕوونکردنەوە و ڕۆیشتن لەسەر وردەکارییەکان. بەواتای: دەبوایە بنووسرایە: پابەندبوون بە ئەحکامەکانی دەستوور لەبارەی ماددەی «فلان» و «فیسار» وتاد.. بەبێ هیچ شتێکی دیکە، لەبەرئەوەی تەنیا ئاماژەکردن بەوەندە ئەحکامەکانی دەستوور دێنێتە بیر لایەنە سیاسییەکان کە بەهیچ شێوەیەك گفتوگۆی لەسەر نییە)).

لەلایەکی دیکە و یەکێك لەو ئەگەرانەی دیکە کە لەئاکامی پێکنەگەیشتنی لایەنە سیاسییەکانەوە باسی لێوە دەکرێت، مەسەلەی دووبارە ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردنە، سەبارەت بەم پرسە و ئاستی یاساییبوونی ئەم پرسە، تاریق حەرب بەمجۆرە بۆ گوڵانی ڕوونکردەوە و وتی: ((بەڵێ دروستە، دەکرێ هەڵبژاردنەکان دووبارە ئەنجام بدرێنەوە، بەڵام پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان و بەپێی ماددەی ٦٤ لە دەستووری عێراقی پێویستە ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبوەشێندرێتەوە. هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران بە دوو ڕێگە ئەنجام دەدرێت: ڕێگەی یەکەم: بە ڕێگەچارەیەکی پەرلەمانی دەبێت (نیابی). ڕێگەچارەی دووەم: بە ڕێگەچارەیەکی جێبەجێکردن دەبێت. ڕێگەچارەی پەرلەمانی بەواتای پەسەندکردنی ١٦٣ ئەندام بۆ هەڵوەشاندنەوە، ئەمەش شتێکی مەحاڵە و ئەگەری ڕوودانی زۆر لاوازە، لەبەرئەوەی ئەو ئەندامانەی کە گەیشتوونەتە ئەنجومەنی نوێنەران هەرگیز کورسییەکانیان لەدەست نادەن، لەبەرئەوەی دەترسن دووبارە دەنگ بەدەست نەهێننەوە. وێڕای ئەوەی کە هەڵبژاردنی نوێ مانای سەرفکردنی پارەی زیاتر و سەرلەنوێ ئەنجامدانی بانگەشە و هەڵمەتی هەڵبژاردنی دیکە بۆ وەدەستهێنانی دەنگ، هەربۆیە ئەمەیان ڕێگەچارەیەکی زەحمەتە و ڕوودانی زۆر مەحاڵە. ڕێگەچارەی دووەم پێی دەوترێت ڕێگەچارەی جێبەجێکردن، بەپێی ڕێگەچارەی جێبەجێکردن: لە دەستووردا هاتووە کە سەرۆك وەزیران پێشنیارێك پێشکەش دەکات و لەگەڵ ڕەزامەندیی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی. بەواتای، تەنانەت گەر سەرۆك وەزیرانیش خواستی هەبوو بۆ دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکان، بەڵام دوچاری پێکدادان دەبێت لەگەڵ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، بەواتایەکی دیکە پێویستە ٣ کەس بە کۆدەنگی پێشنیارەکەی سەرۆك وەزیران پەسەند بکەن لەبارەی هەڵوەشاندنی ئەنجومەنی نوێنەران، ئەو ٣ کەسەش بریتییە لە: سەرۆك کۆمار بەڕێز «جەلال تاڵەبانی» کە نوێنەری «هاوپەیمانی کوردستانی»یە، جێگری یەکەم «عادل عەبدول مەهدی» کە نوێنەری «ئیئتیلافی نیشتمانی»یە، لەگەڵ جێگری دووەم «تارق ئەلهاشمی» کە نوێنەری لیستی «عێراقیە»یە. هەربۆیە، زۆر زەحمەتە ئەو ٤ کەسە بە کۆدەنگی بڕیاربدەن لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران. هەرچەندە لەڕووی واقیعییەوە ئەم ئەگەرە مایەی ڕوودانە، بەڵام ئێمە بارودۆخی لەمە سەختترمان تێپەڕاندووە، ئەویش کە بریتییە لە پێکنەهێنانی حکومەتی داهاتوو. بەڵام وەکو چاودێرێك لەنزیکەوە لە بارودۆخەکان لە بەغدا و ئاگاداربوونم لە پێشهاتەکان، بەدڵنیاییەوە دەیڵێم کە زۆری نەماوە بگەینە ئەنجامێکی ئاسوودەبەخش، ئەویش کە بریتییە لەپێکهێنانی حکومەتی داهاتوو، پێموایە کە بەلایەنی کەمەوە تاکو جەژن شتێك دەکرێت، یان هەر زۆرتر تەنیا بەچەند ڕۆژێك پاش جەژن. بەو شێوەیەش، نە پێویستیمان بە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران دەبێت و نە پێویست دەکات دووبارە هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدەینەوە)).

**ماددەی ١٤٠و مەسەلەی دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت بڕیارێکی دەستوورییەو جێبەجێکردنی پێویستە**

**ئەحکامە دەستوورییەکان شتێکی نەگۆڕ و چەسپاوە و مایەی گفتوگۆ نییە، بەڵام تەنیا ئەحکام و یاسا نوێکان دەبن بەمایەی ناکۆکی و گفتوگۆ و وتووێژ**

لەمەودوا لەتوانی ئۆبامادا نییە تەنانەت هێز بۆ یارمەتیدان و پاراستنی کوردستانی عێراق بنێرێت



تید گەلن کارپنتەر (تۆژەری باڵای ئامۆژگای کاتۆ) بۆ گوڵان:

# ڕەشبینم بە داهاتووی عێراق و لە وبڕوایەدا نیم عێراق بتوانێت یەکگرتوویی و یەکپارچەیی خۆی پێ بپارێزرێت

هەرێمی کوردستان لە بارودۆخێکی باش دایە، بەپێچەوانەی بەشەکانی تری عێراق کە ناسەقامگیرە

تید گەلن کارپنتەر تۆژەری ستراتیژیەتی ئاسایشی سیاسی ئەمریکا و شرۆڤەکار و تایبەتمەند لەسەر سیاسەتی ئەمریکا لەعێراقدا، یەکێکە لەو کەسانەی کە زۆرجار لەلایەن پێنتاگۆن و کۆشکی سپییەوە راوێژی پێدەکرێت و لەسەر پرسە گرنگە ستراتیژییەکانی ئاسایشی نیشتمانی رایەکانی لەبەر چاو دەگیرێن، ئەمە بێجگە لەوەی وەك یەکێك لە تۆژە بەناوبانگەکانی ئامۆژگای کاتۆ بەردەوام نووسینەکانی لە رۆژنامەکانی ئەمریکا بڵاودەبنەوە و لەلایەن کەناڵە تەلەفزیۆنەکانی ئەمریکاشەوە وەك CNN،CBS،CSPAN بەردەوام رای وەردەگیرێت، ئێمەش وەك گۆڤاری گوڵان سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و داهاتووی پرۆسەی سیاسی عێراق، بە پێویستمان زانی چەند پرسیارێکی ئاراستە بکەین و سەرەتا و سەبارەت بە کاریگەری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و کۆتایهێنان بەشەڕی ئەمریکا لەعێراقدا، پرۆفیسۆر کارپێنتەر بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەروو وتی: ((کورتترین وەڵام بۆ ئەو پرسیارە، نەخێر شەڕەکە کۆتایی نەهاتووە. تەنانەت ئەگەر سەرۆك «ئۆباما»ش ئاماژەی بەوە دابێت لاپەڕەیەکی نوێمان هەڵداوەتەوە، بەڵام لە وتەکەیدا بەهیچ شێوەیەك وشەی «کۆتایی هێنان بە کارەکان»ی بەکارنەهێناوە، کە سەرۆك «بوش» لەساڵی ٢٠٠٣دا بەکاریهێنا. هەندێ لە بەشەکانی عێراق لە بارودۆخێکی باشدان، بەتایبەتی هەرێمی کوردستان لە باکووری عێراق، کە زۆر سەقامگیر و ئارام و گەشە، بەڵام پارچەکانی دیکەی عێراق لەرووی سیاسییەوە ناجێگیرە و رەوشی ئاسایش لەبارێکی خراپدایە و ئاستەکانی توندوتیژی لە ئاستێکی بەرزدایە و سەقامگیریی وڵاتەکە نالەبارە. هاوکات زۆربەی وڵاتانی دراوسێ بەردەوام دەستێوەردانی کاروباری سیاسیی عێراق دەکەن. هەربۆیە، بە پشت بەستن بەو راستییانە، ئەمە دەسکەوتێکی گەورە نییە و بە سەرکەوتنێکی مەزن دانانرێت)).

هەر سەبارەت بە وتارەکەی ئۆباما کە ئاماژەی بەوەکرد کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق کۆتایی بەکارە توندوتیژییەکان ناهێنێت و ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە مەترسی ئەوە هەیە کە توندوتیژی هەڵبکشێتەوە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا پرۆفیسۆر کارپێنتەر وتی: ((ئەمەیان پرسیارێکی زۆر لەجێیە، هەڵبەتە ئێوە پێشبینی ئەوە دەکەن کە پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، ئاستەکانی توندوتیژی لە پارچەکانی دیکەی عێراق دەست بە هەڵکشان دەکات، بێگومان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهیچ شێوەیەك نایەوێ توندوتیژیی باشووری عێراق بگاتە هەرێمی کوردستانی عێراق، هەروەها لەگەڵ ئەوەدا نییە کە خەڵك و حکومەتی کوردستان بەهۆیەوە دووچاری کێشە و گرفت بن. بەهەرحاڵ، لەرووی ناوخۆییەوە هیچ پشتگیرییەك نییە لەبارەی بەردەوامبوونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئەنجامدانی زیاتر بۆ ئەرکی سەربازی لە عێراق، ئەو شتەش کارەکەی لەبەردەم سەرۆك «ئۆباما» زەحمەتکردووە سەبارەت بە دواخستنی کشانەوەی ئەو ژمارەیەی کە لەهێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق-دا ماوە. تەنانەت لەتوانایشیدا نییە هێز بنێرێت بۆ یارمەتیدان و پاراستنی کوردستانی عێراق. بەو شێوەیە، پێموایە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زیاتر پێی باشە لەسەر خشتەی کشانەوە بەردەوام بێت، تەنانەت بە ئاگاداربوونیشی لەو راستییەی کە رەوشی ئاسایشی ئەمڕۆی زۆربەی پارچەکانی عێراق رووی لەخراپتر کردووە .هەربۆیە ئەگەر هات و بارودۆخی عێراق تێکبچێتەوە و وەکو ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧دا دووبارە توندوتیژیی ناوخۆیی بەرپا بێت، ئەوە بێگومان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەست بە دڵگرانی و ناخۆشی دەکات. هەڵبەتە لە روودانی ئەو بارودۆخانەدا هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە رای گشتی و خەڵك داوا لە حکومەتی ئەمریکی دەکەن و فشار دەخەنە سەر سەرۆك «ئۆباما» بۆ دواخستنی کشانەوەی هێزەکان لە عێراق، تەنانەت لەوانەشە داوای مانەوەی هێزەکان بکەن لە عێراق. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە گەلی ئەمریکا لەم شەڕەی عێراق بێزار و ماندوو بوونە، تەنانەت خودی سەرۆك «ئۆباما»ش دەیەوێ زیاتر جەخت بکاتە سەر شەڕەکەی «ئەفغانستان»، کە ئەمڕۆ «ئەفغانستان» بووەتە گەورەترین




**زۆر رەشبینم بە داهاتووی عێراق ئەگەر هەیە بۆ دابەشبوونی زیاتر لە وڵاتەکە**

کێشە لەبەردەم ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. هەربۆیە، سەرۆک «ئۆباما» نایەوێ ببێت بە بەرپرسیاری پاراستنی ئاسایشی عێراق، بەڵکو زیاتر دیەوێ کۆتایی بەم جەنگەی عێراق بێنێت و هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق بکێشێتەوە، لەگەڵ هێشتنەوە و هەڵسوڕاندنی پێوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا لەرێگەی وەزارەتی دەرەوە و باڵیۆزخانەکەمان لە بەغدا و ٢ قونسوڵخانەی دیکە لەچەند شوێنێکی دیکەی وڵاتەکە)).

سەبارەت بە هاتنی بایدن و گەیتس لەم بارودۆخەدا، پرۆفیسۆر کارپینتەر وتی: ((بەرای من ٢ هۆکار لەپشت هاتنەکەیانەوە بوو، یەکەمیان: پێموایە کە دیانەوێ جۆرە متمانەییەک بە عێراق ببەخشن سەبارەت کۆتایی هاتنی ئەرکەکانی ئەمریکا لە عێراق. ئەمەش بەرای من فاکتەرێکی سیاسییە کە ئیدارەی سەرۆک «ئۆباما» دیەوێ جەختبکاتەوە لەسەر گەیاندنی ئەرکەکانی ئەمریکا لەعێراق بۆ قۆناغی کۆتایی، کە هەڵبەتە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١دا ئەرکەکان لە عێراق کۆتایی پێدێت. لەلایەکی دیکەوە، هەروەک لە جێگری سەرۆک «بایدن» و وەزیری بەرگری «گەیتس» دیانەوێ لایەنە سیاسییەکان لە بەغدا هانبدەن بۆئەوەی ناکۆکییەکانیان چارەسەربکەن و حکومەتی نوێ پێکبهێنن، لەبەرئەوەی ئەوە نزیکەی ٧ مانگ تێپەرییە لەسەر هەڵبژاردنەکان لە عێراق و تاکو ئەمڕۆش حکومەتی نوێ پێکنەهێنراوە، لەراستیدا ئەمە مەترسیی گەورەی لێدەکەوێتەوە لەسەر داهاتووی سیاسیی وڵاتەکە)).

لە دوماهیی ئەم وتووێژەدا پرسیاری کۆتاییمان ئەوە بوو ئایا چۆن داهاتووی عێراق دەبینێت و ئایا ئەگەر نەتوانرا حکومەت پێکبهێنرێت ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی نوێ کێشەکان چارەسەر دەکات؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا کارپینتەر بەم راشکاویە رای خۆی بۆ گوڵان دەربری: ((هەڵبژاردنی نوێ بەهیچ شێوەیەک کێشەکانی عێراق چارەسەرناکات، تەنیا لەو حاڵەتەدا نەبێت کە ئەنجامەکانی لەگەڵ ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پێشوو بەشێوەیەکی بنەرەتی جیاوازبێت. بەڵام گەورەترین کێشەی عێراق ئەوەیە کە کۆمەڵگەی عێراقی بەشێوەیەکی سخت و ئاڵۆز جودا و جیاوازە، لەرووەکانی سیاسی و ئیتنی و ئایینی، پرۆسەکانی هەڵبژاردنیش رەنگدانەوەیەکە بۆ واقیع و راستییەکانی ئەو جیاوازییە کە لەنێوانی پێکهاتەکانی عێراق-دا بوونی هەیە. زۆر گەشبین نیم لەوەی کە پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق لە دەرەوەی چوارچێوەی کوردستانی عێراق بتوانن جیاوازییەکانیان چارەسەربکەن. چارەسەرکردنی ئەم جۆرە ململانێیانە ماوەیەکی زۆر درێژ دەخایەنێت.هەربۆیە زۆر رەشبینم بە داهاتووی عێراق. پێموایە کە ئەگەر هەیە بۆ دابەشبوونی زیاتر لە وڵاتەکە. هاوکات ترسم هەیە لە دەستێوەردانەکانی ئێران لە کاروبارەکانی عێراق. کوردستانی عێراق بۆ حاڵی حازر «دوورگەیەکی ئارام و سەقامگیرە» لەچوارچێوەی عێراق، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئەگەرێك هەیە کە بکەوێتە ژێر فشار بەهۆی ئێران کە پێشوەختە و لەچەند جارێك زیاتر سنوورەکانی بەزاندووە. هەروەها لەلایەنی تورکیا-شەوە کە لەماوەی ساڵانی رابردوودا سنووری هەرێمەکەی بەزاندووە. تەنانەت لەلایەن سوریا-شەوە. لەو بڕوایەدام کە کوردستانی عێراق بە بارودۆخێکی زۆر سەختدا تێدەپەڕێت بەهۆی کەوتنی هەرێمەکە لەنێو ژمارەیەک لە وڵاتان و لایەن و پارتی سیاسیی نەیار کە هەموویان دژایەتیی دەکەن. ئەمەش لەخۆیدا تەحەددایەکی زۆر گەورەیە لەپێش کوردەکان بۆئەوەی لەو جۆرە ژینگە هەرێمییەدا بتوانن ئەو دوورگە سەقامگیرە بپارێزن. سەبارەت بە پارچەکانی دیکە عێراق، ناڵەباری و گێلەشێواوی گەیشتۆتە ئەوپەڕی ئاستەکان. بەرای من تارادەیەك وەکو باکووری «ئێرلەندا»ی لێدێت لەنێوانی کۆتایی ساڵانی ١٩٦٠ـەکان- تاکو سەرەتاکانی ساڵانی ١٩٩٠ـەکان. هەروەها لەوانەشە بارەکە لەوە خراپتری لێبێت، هاوشێوە لەگەڵ ئەو بارودۆخانەی کە لە «لوبنان»دا هەبوو لەنێوانی ساڵانی ١٩٧٠کان و — ١٩٨٠کان. هەربۆیە، بەهیچ شێوەیەك گەشبین نیم لەوەی کە عێراق وەکو وڵاتێکی یەکگرتوو و دیموکرات و سەقامگیر بتوانێت یەکگرتوویی بپارێزێت)).

**کوردستانی عێراق بە بارودۆخێکی زۆر سەختدا تێدەپەڕێت بەهۆی کەوتنی هەرێمەکە لەنێو ژمارەیەک لە وڵاتان و لایەن و پارتی سیاسیی نەیار کە هەموویان دژایەتیی دەکەن. ئەمەش لەخۆیدا تەحەددایەکی زۆر گەورەیە لەپێش کوردەکان**

# بەدواداچوونێکی سیاسییانە لەسەر بارودۆخی ئێستای عێراق



کازم حەبیب *

**تایبەت بۆ گوڵان نووسیوێتی**

سیاسەت مەحاڵی تێدا نییە، بۆیە دەگونجێت لەدوایەمین چرکەساتدا و لەژێر فشارێکی زۆرو لەبەرسامناکی بارودۆخی ئێستای عێراق ڕێکەوتنێ بێتە ئاراوە

١ـ پێکهێنانی حکومەت

تەنگژەی پێکهێنانی کابینـەی وەزارەتە تازەکانی عێراق تا ئێستا لەسەرئاستی نێوخۆیدا باسیان لێدەکرێت، بەڵام لەشـوێنی خۆی چەقیبەستووە، ئەگـەر لایـەن و بەرە سیاسییەکانی ئێستای لـە گۆڕەپانـدان نەگەنە ڕێکەوتنێـك کە زەمینە خۆشبکات بۆ دانیشـتنی ئەنجومەنی نوێنەران و تێیدا هەڵبژاردن و دابەشکردنی سێ سەرۆکایەتییەکە یەکلانەکرێتەوە، ئەوا گرفتەکە ڕووی لە ئاڵۆزبوونی زیاتـرە، وێـڕای تێپەڕینـی ٦ مانگ بەسـەر کۆتایهاتنـی هەڵبژاردنـەکان و تێکچوونی باری ئاسایش و هەڵکشـانی ژمارەی کوژراوو بریندااران لەبەسرەو بەغداو بەعقووبەو شوێنەکانی تردا.

لەبەرامبـەر ئـەم چەقبەسـتنەدا دیمەنەکانـی دەسـتێوەردانی هەرێمی و نێودەوڵەتی بۆسەر هێزە سیاسییەکانی براوە لە هەڵبژاردنەکاندا زیاتر بوون، لەپێناوی ئەوەی هەرکەس بـۆ بەرژەوەندی خۆی گوریسـەکە بە لای خۆیدا رابکێشـێت، ململانێی نێوخۆیـی لەنێوان ئیئتیلافی نیشـتمانی و ڕەوتی سـەدرییەکان لەلایەك و دەوڵەتی قانوون لەلایەکی تـرەوە توندتر بـووە، لەچوارچێـوەی هاوپەیمانی نیشتمانیدا مالیکی پاسـاوو هەنجەتەکانی خۆی لەسەر سووربوونی بۆ خۆ کاندیدکردنەوە خستۆتەڕوو تاوەکـو ئامانجەکانـی لەعێراقـدا وەدی بهێنێت، ڕاستەوخۆش عادلعەبدولمەهدی لەچاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەنووسی تایبەتدا پاساوەکان و هەنجەتەکانی مالیکی شیکردەوە بەو. بەڵام ڕەوتی سەدر ڕای خۆی لەدژی مالیکی ئاشکراکردووە و لەهەڵوێستەکانیدا پشـتی ئیئتلافی گرتووە، ئەم هەڵوێسـتەش وای لەمالیکی کـرد هەڵمەتێکی گەورە بکاتە سـەر گرووپە تیرۆریسـتەکان و میلیشـیاکانی سوپای مەهدی لە بەسـرە. گـەر خوێندنەوەیەکی ورد بۆ هەردوو وتەکانی مالیکی و عەبدولمەهدی بکەین، ئەو کەلێنـە گەورەیەمان تێیـدا بەرچاو دەکەوێت کە لەنێوان هێزەکانی هاوپەیمانی نیشـتمانی نوێدا دروسـتبووە، کەلێنەکە بۆتە هۆی کۆسپ لەڕێی گەیشتن بەرێککەوتنێك بۆ دانانی سەرۆك وەزیران، وێڕای ئەوەی سیاسـەت مەحاڵـی تێدا نییە بۆیە دەگونجێت لەدوایەمین چرکەساتدا و لەژێر فشاری زۆرو لەبەرسـامناکی بارودۆخەکەدا ڕێکەوتن بێتە ئاراوە، لـەم دواییەدا مالیکـی بارێکی دڵنەوایی ڕێژەییانەی بۆ دروست بوو کاتێك سەردانی هەرێمی کوردستانی کردوو لەلایەن هەردوو بەڕێزان سەرۆك کۆمارو سـەرۆکی هەرێمەوە بۆیان ڕوونکردەوە کە هێڵی سـووریان بۆ مالیکی دانەناوە لەسەرئەوەی دەکرێـت جارێکی تـر ببێتەوە بەسـەرۆك وەزیران بەمەرجێـك پابەند بێت بـەو خاڵانەی هاوپەیمانی کوردسـتانی چەسـپاندویەتی لەپێناوی دیالۆگ کردن لەگەڵ هەموو هێزوو هەوپەیمانە سیاسییەکان ئەمەش لەپێناوی ڕەزامەندبوون لەسـەر سەرلەنوێ ناودانـان بۆ ئەو کەسـەی کابینـە نوێیەکە پێك دەهێنێتـەوە، ئێسـتاش لەلایەن دەوڵەتی یاسـاوو عێراقییەو هاوپەیمانێتی کوردستانییەوە پرۆسەیەك خراوەتە واری باسکردنەوە.

بەهۆی ئەو خاڵانەی کەلەدەستووردان بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیران مالیکی و عەلاوی نەگەیشتنە ڕێککەوتن، بەربەستەکان لەرووی عەلاوی گەورەن کە بەهۆیەوە ناتوانێت دۆست و لایەنگر لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە بۆ دامەزرانی حکومەت، چونکە لیستی عەلاوی کۆمەڵێك گرووپی هەمەچەشنەی ئایینی و سیاسی تێدا کۆبۆتەوە کە لەنێو خۆیاندا خەریکی ململانێ و پاشقوول لەیەکتر گرتنن، ئەمەش وادەکات لەهەر سـاتێکدا بێت لیستی عەلاوی پەرت و بڵاو بێتەوە، بەڵام لیستی مالیکی بەشێوەیەکی ڕێژەیی پتەوترە لەم ڕووەوە . جەماوەرێکی بەرفراوانی گەلی عێراقیش هەسـتیان بەبوونی ڕێچکەو ژمارەیەکی زۆری بەعسییە دوورخراوەکان و شۆڤێنییەکانی ناو لیستی عێراقییە کردووە کە تەوەرێکی بێزارکەرن بۆ کەسوکاری قوربانییانی گەلی کوردوو قوربانیانی دەستی بەعسیەکان، کەقوربانیان لەزۆربەی خەڵکی سونەو شیعەو ئاینزاکانی تریش پێك دێن.

گەرچـی لەم دواییانەدا مەیلی زۆر هەبوون دژ بە مالکی لە پێکهێنانـی وەزارەتەکاندا بە تایبەت لە لایەن هەندێ پاڵێوراوی لیسـتی ڕەوتی سەدرییەوە کەچـی وڵاتەیەکگرتووەکانـی ئەمریکا مەیلێکی جیاوازی نیشان دا چونکە حکومەتی ئەم دواییەی عێراق لەگەڵ ئەمریکیەکاندا بـۆ زامنکردنەوەی کشانەوەی هێزەکانیان هاوڕا بوو بەبێ دروست بوونی بەربەست ئەمەش بە پێی ئەو ڕێکەوتنانەی لەگەڵ حکومەتتدا مۆر کرابوون .

پێکهێنانـی کابینەی تـازەی وەزاری بە تەنیا لە نێوان هاوپەیمانی کوردسـتانی و دەوڵەتی یاسـادا ناکرێـت چونکە ژمارەیان بەش ناکات، هاوپەیمانی کوردسـتانیش نایەوێت واز لەو هاوپەیمانییە بێنێ کە لەگەڵ ئیئتیلافی عێراقیدا هەیەتی کە عەمار حەکیم ڕێبەرایەتی دەکات بۆیە پێویستە هەر سێهێزی دەوڵەتی یاسـا و ئیئتیلافی عێراقی و هاوپەیمانی کوردستانی بەبێ لیسـتی عێراقیەو ڕەوتی سەدر ڕێکبکەون، گەر ئەم دیمەنە پێکهات ئەوە ژمارەی گەیشـتن بە زۆرینەی ئەنجومەنی نوێنەران تەواو ڕێـك دەبێتەوە بۆ ئەو لایەنەی حکومەت پێکدێنێت ئەو کاتەش دەتوانرێت ڕێکەوتنی تر لەگەڵ هێزەکانی تریشـدا بکرێت لەپێناوی دامەزرانی حکومەتێکی بەرفراوانی وادا کە هەموو لیسـتە براوەکان لە خۆ بنێت بەڵام ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە .

کەی ئەم دیمەنە دروست دەبێ ؟ دوورنییە، ڕۆژانی دادێت ئەوەی تێدا کەشـف بێت، ئەمریکا قورسایی بارەکەی خۆی هاویشـتۆتە سـەر شانی مالکی، هاوپەیمانـی کوردسـتانیش لـە ڕووی مەبدەئەوە لەگەڵـی وا پێکهاتووە کە بە دەسـتووری عێراقی و مـادەی ١٤٠ پابەند بێـت و چەند بابەتێکی پڕ بایەخی تر .

مالکی لـە وتەکانی ئەم دواییەیـدا ڕووی خۆی لە هۆزگەرایی نەشـاردەوە کە دەنگێکی بڵندی لە دیالۆگەکان بۆ دروسـت بووە و ئەم هەستەش وەك پەتایەك گوازراوەتەوە بۆ نـاو هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی ناوخۆ. بەڵام دەپرسم ئایا مالیکی بەشێك نییە لەو هاوکێشە خێڵگەرییەی ئێستا دروست بووە ؟؟ مرۆڤ بەئومێدە وانەبێ بەڵام ناتوانرێت لەسەر ئەمـە دڵنیا بین بەتایبـەت دوای ئەوەی لەلایەن ئەندامانی دەوڵەتی یاسـاوە تەسریحاتێکی وا دراوە جەختیان لەسەر دەسبەردارنەبوونیان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکردەوە گوایە گەر دەست لەو پۆستە بەردەن دەبێتە هۆی ناهاوسەنگ بوونێك لە نێوان پێکهاتەیەکی دیارکراوی ناو عێراق کە ئەویش پێکهاتەی شـیعەیە، لەم وتەیەشیاندا هەستیان بە تەریقبوونـەوە نەدەکرد و پڕ بە زاریان بە ئاشـکرا دەیانوتەوە !

توند دەسـتگرتن بە سـەرۆکایەتی حکومەتەوە لە لایەن مالکییەوە دڵەڕاوکێیەکی زۆری بۆ خەڵکانی ئاسـایی دروسـت کردووە لەبەر ئەو سیاسـەتەی

لە ماوەی حەوت ساڵی پێشوودا پیادەی دەکرد بەتایبەت لایەنی ئاسایش کە بەرەو خراپییەکی زۆر چوو دواتر بێدەنگ بوون لە گەندەڵی و دەست بە سەرا گرتنی عەقاراتێکی زۆرو زەوەند لە لایەن کەسایەتییە ناسراوەکانی ئیسلامیەکانەوە، هەروەها بەهۆی تاکرەوێتی لە کاربەڕێوەبردن و لووتبەرزێتی لە رەفتارە سیاسیەکانیدا وخۆدەرخستن بەو شێوەیەی بەهێزترین کەسایەتیەك بێت بتوانێت کاروبارەکانی عێراق بەڕێوەبەرێت..

سامناکترین شتێك بە نیسبەت خەڵکی عێراقەوە لە مالکیدا مەیلە خێڵایەتیەکەیەتی گەرچی نکۆڵی لێدەکاتیش ئەم مەیلە زاڵە ئاستی ململانێکانی ناو عێراق هەڵدەکشێنێت ..

٢ـ سەبارەت بە هەڵایسانی کاری تیرۆریزمی لە عێراقدا

رای گشتی جیهانی و گەلانی عێراق بە دڵەڕاوکێی توندەوە لەو کردەوە تیرۆریستیانە دەڕوانن کە لە لایەن گرووپەکانی تیرۆریستی و میلیشیا خێڵایەتیەکانەوە ئەنجام دەدرێن و رۆژانە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی بێگوناهی تێدا دەبنە قوربانی جگە لەو وێرانییەی بەسەر دامودەزگاو تۆڕەکانی وزەی کارەباو بازارگەکانی بازرگانی و ماڵی هاووڵاتیاندا دێت .

سامناکترینیان لە بەسرە روویدا کە تێیدا زیاتر لە ٢٥٠کەس کوژران و بریندار بوون کە گوزارشت بوو لەسەر گەڕانەوەی کارەکانی تۆڵەکردنەوەو ئارەزوویەکە بۆ بەرفراوانبوونی نائارامی و بۆ شکست هێنان بەو هەوڵانەی دەدرێن لە پێناوی پێکهاتنی حکومەتتدا .

لەمیانەی حکومەتێکی بەڕێخستنی کاروبارو پەیدابوونی بۆشاییەکی سیاسی هاوکات لەگەڵ هەبوونی هێزی چەکداری ناسەربەخۆ بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێکان کە لە بەرژەوەندیاندا نییە ئارامی بکەوێتە عێراقەوە هەروەها هاتنەوەی بنکەکانی زانایانی موسڵمان و چەندین هێزی بەربەرەڵای خێڵایەتی چەکدارو دواجاریش دەستێوەردانی هەرێمایەتی فرە مەبەست و ئاڕاستە کە بە هەموویان هاوبەشی لە دروست کردنی نائارامی بۆ کاری سیاسی لە عێراقدا دەکەن، ئەمانە وایان لەسەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق کرد لێدوان بدات لەسەر باری نائاسایی وڵات و بڵێت سوپا ئامادە نییە بۆ پارێزگاریکردن لەسەروەرێتی وڵات، ناتوانێت بەرگری لەئاسایشی نێوخۆ بکات، هەمان شت لەدوورەوە لەلایەن وەزیری بەرگری ئەمەریکاوە ئاماژەی پێ درا بەڵام باراك ئۆباما بەپێچەوانەی ئەم لێدوانانەوە دەستیکرد بەکشانەوەی هێزە سەربازیەکانی خۆی لەعێراقدا ئەمەش بەپێی ئەو رێکەوتنە عێراقی – ئەمەریکییەی پێشتر لەلایەن هەردوولا مۆرکرابوو.

بەردەوامی لەپیادەکردنی سیاسەتی خێڵایەتی بەسەر شانۆی سیاسی عێراقەوە بە زەروورەت ئاوێزان دەبێت لەگەڵ وروژاندنی هەستی خێڵایەتی بۆناو هێزە چەکدارەکانی عێراق ئەمەش سامناکترین کارێك دەبێت بۆ پرۆسەی سیاسی و دەبێتە هۆی پەکخستنی یەکێتی کۆمەڵگای عێراق .

لێرەوە بانگەوازێکی کەم دەبیستریت بۆ وازهێنان لە رۆحی خێڵایەتی و گۆڕینی بۆ رۆحی هاوڵاتیبوون، گرنگی هۆشیاری خەڵکی رۆڵیان بۆ فشارخستنە سەر هێزە سیاسییەکان لێرەوە دەردەکەوێت تا وازبێنن لە هەڵوێستە سلبییەکانی خێڵایەتی کە دژ بەبەرژەوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی گەلی عێراقە.

٣- سەبارەت بەلێدوانەکانی باڵیۆزی ئێران

باڵوێزی نوێی ئێرانی لەبەغدا حەسەن دانائی هەندێك لێدوانی سەیروسەمەرەی داوە کە راستەوخۆ بۆنی دەستێوەردانی لێوە دێت، لەپرۆتۆکۆلاتی نێودەوڵەتییدا ئەمجۆرە لێدوانانە جێگای پرسیارن! لە بنەڕەتدا لێدوانەکەی جەختە لەسەر دەست تێوەرنەدانی ئێران لەناو کاروباری عێراق، بە مافی ئێرانیشی دەزانێت هەرکەسێك بداتە دادگا گەربەپێچەوانەی ئەم لێدوانەیەوە کار بکات؟ بەڵام بەراستی ئێران دەستی لەکاروباری نێوخۆی عێراقەوە وەرنەداوە؟

ئێران یەکەم وڵاتە کە دانی بەم بارودۆخە تازەیەی عێراقدا ناوە ئەویش لەئەنجامی ئەو دوژمنایەتییەی بەرامبەر رژێمی سەدام هەیبوو گەرچی ئەوەی عێراقی رووخاند ئەمەریکایە کە بەلای بەرپرسانی باڵای ئێرانەوە شەیتانی گەورەیە. هەر لەیەکەم رۆژی رزگارکردنی عێراقەوە ئێران دەستی خستنە ناو کاروباری عێراقەوە، چ بەناردنی سیخوورو هەواڵگری بێت یا پاسدارویان بەناردنی پارەو چەك و جبەخانە یا بەڕێگا پێدانی تیرۆرستانی ئەفغانی بۆ هاتنە ناو عێراق یا بەدامەزراندنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی تا ژێراوژێر فیتنەو چالاکی سیاسی توندڕەوانە لەعێراقدا هەڵگیرسێنن و میلیشیا چەکدارە خێڵایەتیەکانیش بۆ پەکخستنی کاری سیاسی لە وڵاتدا هانبدەن، ئەم زانیارییانە لەگیرفانی خۆمەوە دەرنەهاتوون بەڵکو لەو لێدوانە زۆرانەی بەرپرسانی بەغداو بەسراو شارەکانی تری عێراقەوە هاتوون، ئێستاش ئێران بەسەختی بۆردومانی ناوچە ئارامەکانی کوردستان دەکات بەبیانووی ئەوەی ئۆپۆزسیۆنێکی کوردی دژ بەئێران لەو ناوچە شاخاوییانەدا خۆیان حەشارداوە، لە رۆژانی رابردوودا هێزەکانی ئەمەریکا ناراستەوخۆ میلیشیا چەکدارە خێڵایەتییەکانیان زیندوو کردەوە تا فشار بخەنە سەر هێزە سیاسییەکان و حکومەتیان پێ دامەزرێنن بەو ئاراستەیەی خزمەت بەبەرژەوەندی ئەمەریکا بکات.

باڵێۆزی ئێران رەفتاری ئسوڵییەتی دیپلۆماسی تێپەڕاندووە، مافێکی ئاسایی حکومەتی ئێرانە دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی عێراق بکات بۆ هەرکارێك بیانەوێت بەڵام مافی سەرۆکی دیپلۆماتکارانی ئێرانی نییە دەست بۆ مافەکانی گەلی عێراق ببات و حکومەتی عێراق بخاتە بوارێکی شەرمەزارییەوە، پێویستە لەسەر عێراق داوا لە ئێران بکات باڵیۆزێکی شارەزا لە بنەچەکانی دیپلۆماسییەتدا دابنێت نەك باڵیۆزێك فڕی بەسەر دیپلۆماسییەتەوە نەبێت.

٤- حکومەتی بەڕێکردنی کارو خزمەتگوزاری گشتی بۆ گەل

ئێمە لەبەردەم حاڵەتێکی ناوازەداین لەعێراقدا، لەدوای تێپەڕبوونی حەوت ساڵ و نیوی روخانی رژێمی فاشی عێراق، تا ئێستا خەڵك رووبەڕووی نارێکی و نادادوەری لەپێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی وەك ئاوو کارەبا دەبنەوە، شارەکانی عێراق بوونەتە زبڵخانەو بەهۆیەوە چەندین نەخۆشی تەشەنەی کردووە پلەی گەرما ٥٠ پلەی تێپەراندووەو مێش و ئەسپێ و کێچ و پیسایەتی بەشێوەیەکی ترسناك باڵیان بەسەر ئاسمانی عێراقدا گرتووە لەناوەندو باشووری عێراقدا شەوانی تاریك و رۆژانی بێکارەبا باری شانی خەڵکی قورسکردووە، ئەمە وای لەخەڵکی کردووە ڕوو لەدەرەوەی عێراق بکەن، یان بڕۆنە هەرێمی کوردستان کە ئاسایش و ئارامی تێدا بەرقەرارەو کارەباو ئاوو خزمەتگوزاری و تەندروستی فەراهەم بووە وێرای سروشتی جوانی کوردستان .

بە تێپەڕینی حەوت ساڵ هەر سێ حکومەتە یەك لە دوایەکەی عێراق لە بەغدا تائێستاش نایانتوانیوە وێستگەو تۆڕی بەرفراوانی وزەی کارەبا دامەزرێنن، حکومەت ناتوانێت بەشێوەی گونجاو ئاو بۆ هاووڵاتییان بگەیەنێت، ناتوانێت زبڵی کەڵەکەبووی سەرشەقامەکان لابەرێت، ناتوانێت ئەو ژمارە زۆرەی بێکاران بخاتە سەر کار، وێڕای کەڵەکەبوونیان بەسەر دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە کە بێکاری رووپۆشراون بوونەتە بەربەست لەبەردەم راپەراندنی مامەڵەی کاروباری خەڵك، خەڵك لەو بڕوایەدان هەموو ئەم کارە بنبەستبووانە بەهۆی گەندەڵییەوەیە بەرپرسانیش وا دەڵێن، کارگەیشتۆتە ئەوەی سەرۆکی دەستەی نەزاهە لەناسرییە بەهۆی دەستێوەردانی سیاسییەکانەوە لەکارەکانیان بەدوای گەندەڵکارە گەورەکاندا نەچن بۆیە دەستەی نەزاهەش لە کارەکانیدا، لەبەرامبەر گەندەڵیدا شکستی هێناوە، هەمووان بێدەنگیان هەڵبژاردووە هەروەها مافیاکانی تاوانی رێکخراو لەلایەن هێزە باڵاکانی دامودەزگای پۆلیس و ئاسایش هاوکاری دەکرێت، بەکورتی باری ئێستای عێراق بەمشێوەیەی ئێستای کە سیاسییەکان لەبەغدا لەسەر ململانێ و دەستگرتن بەکورسییەکانییانەوە بەردەوامن مژدە بەخش نییەو هیچ دەروازەیەك نەدۆزراوەتەوە بۆ دامەزراندنی حکومەت، هەربۆیە ڕێگا تەخت بووە تا گرووپە تیرۆریستیەکان و میلیشیا چەکدارەکان زۆرترین زیان بەکۆمەڵگا بگەیەنن و کاری سیاسیش پەك بخەن و وڵات بەرەو جەنگێکی خێڵایەتی وا ببەن کە تەڕو وشکی تێدا بسووتێت.

بەرلین ٢٠١٠/٨/١٦

**لەپێناوی ئەوەی هەرکەس بۆ بەرژەوەندی خۆی گوریسەکە بە لای خۆیدا رابکێشێت، ململانێی نێوخۆیی لەنێوان ئیئتیلافی نیشتمانی و رەوتی سەدرییەکان لەلایەک و دەوڵەتی قانوون لەلایەکی ترەوە توندتر بووە**

**لیستی عەلاوی کۆمەڵێک گرووپی هەمەچەشنەی ئایینی و سیاسی تێدا کۆبۆتەوە کە لەنێو خۆیاندا خەریکی ململانێ و پاشقوول لەیەکترگرتنن**

**ئێران بەسەختی بۆردومانی ناوچە ئارامەکانی کوردستان دەکات بەبیانووی ئەوەی ئۆپۆزسیۆنێکی کوردی دژ بەئێران لەو ناوچە شاخاوییانەدا خۆیان حەشارداوە**

# ١١ی سێپتەمبەر ئەو رۆژەی

کارەساتی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ ئەو رۆژە بوو جیهانی دابەشکرد بۆ دوو سەردەم، جیهانی پێش ١١ی سێپتەمبەر و جیهانی دوای ١١ی سێپتەمبەری، هەر بۆیە ئەگەر تا رۆژی ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لەودیووی هەردوو ئۆقیانووسی ئەتڵەسی و ئارامەوە دەستی پێکردبێت، ئەوا کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر بایەخی ئەو دوو ئۆقیانووسەی نەهێشت و مەترسی بردە ناو ماڵی ئەمریکییەکان و پێی راگەیاندن لەمرۆ بەدواوە ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لەناو ماڵەکانتانەوە دەست پێدەکات، ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی لەنێو ئیدارەی ئەمریکادا وەزارەتێکی تازە بەناونیشانی وەزارەتی ئاسایشی نیشتمانی دابمەزرێنێت و زیاتر لە ١٨٠ هەزار کارمەندی هەیە و ئەرکەکەشی تەنیا پاراستنی دەوڵەتە لە هێرشە تیرۆریستییەکان (بیانی و ناوخۆیی) هەورەها ئامادەکردنی خزمەتگوزاری فریاگوزارییە لەدوای هەر هێرشێکی تیرۆریستی، کەواتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی پێش کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر، ویلایەتە یەکگرتووەکانی دوای ١١ی سێپتەمبەر نییە، ئەم وەرچەرخانە بووە هۆکاری ئەوەی جارێکی دیکە جیهان بەسەر دوو جەمسەردا دابەش بێت و جۆرج دەبلیو بوش راشکاوانە بەجیهانی راگەیاند: (ئەوەی لەگەڵ ئێمە نەبێت دوژمنمانە) ئەمەش مانای ئەوەیە جیهان بووەوە بەدوو بلۆك (بەرەی هاوپەیمانی دژە تیرۆر و بەرەی تیرۆریستان)، هەروەها قەوارەی کارەساتەکە هێندە گەورە بوو دیسان هەر جۆرج بوشی سەرۆکی ئەمریکا بە شپرزەیی رایگەیاند ئەمە شەڕی ئیسلامە دژی کریستیان لەجیهاندا، بەڵام دواتر هەر زوو لەم راگەیاندە پەشیمان بووەوە، سەبارەت بەو کاریگەرییەی کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر لەسەر رۆژئاواو بەگشتی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەتایبەتی دروستی کرد، سەبارەت بەم پرسە لە پرۆفیسۆر برادلی ماك ئەلیستەر ئوستادی ئاسایش و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەزانکۆی جۆرجیامان پرسی: کارەساتی ١١ سێپتەمبەر گۆڕانێکی گەورەی لەدنیادا دروست کرد و ئەم رۆژە بوو بە مایەی کۆتایی هێنان بە قۆناغێك و دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ، بە تێڕوانینی ئێوە ئەو گۆڕانکاریانە چیبوون کە ئەم رۆژە هێنایانە ئاراوە؟ لە وەڵامدا پرۆفیسۆر ئەلستەر بەمجۆرە وەڵامی ئەم راپۆرتەی داینەوەو وتی: ((ئەوەی پێوەندی بەجیهانی رۆژئاواوە هەبێت، ئەوا ئاستێکی گەورەی نائەمنیەتی دروستکرد، ئەمە نەك لەبەر ئەوەی رووداني کردەوەی تیرۆریستی شتێکی نوێ بوو، بەڵکو گەورەیی ئاستی رووداوەکانی ئەو رۆژە بێ پێشنیە بوو. واتە ئەو حەقیقەتەی ئاشکراکرد تەنانەت رێکخراوە بچووکەکانیش دەتوانن زیان و گورزی گەورە بسرەوێنن، ئەمە ئەو هەستەی رەواندەوە کە نەتەوە گەورە و بەهێز و دەوڵەمەندەکانی وەك ئەمریکا، رووسیا و بەریتانیا ئەمنیەتیان پارێزراوە بەهۆی هێز و توانای سەربازیانەوە. هەموو ئەمانە رەنگدانەوەیان هەبوو لەئاست سیاسەتی وڵاتاندا، بەتایبەتی لەئاست کاردانەوە و چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ پرسی تیرۆر و پرسی




# تیرۆر دوو ئۆقیانووسی بڕی

پاراستنی ئەمنیەتدا. هەر بۆیە ئەگەر ناچاربم پێناسەیەك بۆ تیرۆر بکەم، ئەوا دەڵێم هەڕەشەی بەکارهێنانی توندوتیژی یاخود بەکارهێنانی توندوتیژیە لەلایەن هەر کەس و لایەن و دەوڵەتێکەوە کە زیانلێکەوتووەکان تەنیا ئەو کەسانە نین کە قوربانی راستەقینەی توندوتیژین، بۆ نموونە رەنگە لە هێرشێکدا تۆ بکوژم، بەڵام تۆ ئامانجی هێرشەکەی من نەبوویت. کەواتە دەڵێم ئامانجی تیرۆیستان تێکشکاندنی دەوڵـەت نییە، ئامانجی تیرۆریستان کاریگەربوونە لەسەر رەفتار و لەسەر سیاسەت و هەڵوێستی دەوڵەت. ئەمە پێچەوانەی شەڕی تەقلیدی نێوان دوو دەوڵەتە کە هەر یەکەیان هەوڵدەدا تەواوی هێزەکانی بەرامبەر تێکبشکێنێت)).

هەرلەم چوارچێوەیەدا و ئەو گۆڕانکاریانەی کە کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر لە سیاسەتی جیهانی دروستی کـــردن، لەباڵیۆز جێندای ئەلیزابیس فرازەر یاریدەری وەزیـری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری ئەفریقامان پرسی ئایا ئەو گۆڕانکاریانە چیبوون ١١ی سێپتەمبەر دروستی کردن؟ لەوەڵامدا یاردەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بەمجۆرە بۆ ئەم راپۆرتە هاتە ئاخاوتن و وتی: ((گرنگترین گۆڕانکاری تەئکیدکردنەوە بوو لەسەر رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر لەسەر ئاستێکی نێودەوڵەتی، هەربۆیە ئیدارەی بوش هەوڵەکانی خستەگەڕ بۆ دەرکردنی بڕیاری ١٣٧٣ لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی کە ئەو ئیلتیزامەی بەسەر دەوڵەتاندا سەپاند کە دەبێت هەڵبستن بە بەرەنگاربوونەوەی تـــیـــرۆر و رێگە گرتن لە





**ویلایەتە یەکگرتووەکانی پێش کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر، ویلایەتە یەکگرتووەکانی دوای ١١ی سێپتەمبەر نییە جیهان بووەوە بەدوو بلۆک (بەرەی هاوپەیمانی دژە تیرۆر و بەرەی تیرۆریستان)**

بەکارهێنانی خاکی وڵاتەکانیان لەلایەن تیرۆریستانەوە و بۆ هاوکاری کردن لەپێناو وشکردنی سەرچاوەی دارایی تیرۆریستاندا. واتە ئەمە کرا بە ئەولەویەتی باڵای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. هەروەها ئەوەبوو بە پرانسیپ کە چیتر ئەوە قبوڵ ناکرێت وڵاتێك داڵدەی تیرۆر بدات و هاوکاری بکات، لەو کاتەدا ئەوە وا لێکدرایەوە کە ئەو وڵاتەی دژایەتی تیرۆر نەکات و بەرهەڵستی نەکات، ئەوا یارمەتی دەدات و دژی ئێمەیە، ئیدارەی سەرۆك بوش سیاسەتێکی دارشت بۆ یارمەتیدانی وڵاتان بۆ ئەوەی بتوانن باشتر حکومڕانی وڵاتەکانیان بکەن و رێگە لە چالاکیی تیرۆریستان بگرن، واتە ئەگەر ئەو وڵاتانە ئیرادەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریان هەبوایە، ئەوا ئەمریکا یارمەتی بۆ دابین دەکردن بۆ ئەوەی ئیرادەکەی خۆیان مومارەسە بکەن)).

**١١ی سێپتێمبەر پێکدادانی شارستانیەتیەکان نییە**

لەبەشێکی دیکەی وتووێژەکەمان بۆ ئەم راپۆرتە لەگەڵ خاتوو جیندای پرسیاری ئەوەمان لێکرد ئایا تاچەند ئەو رووداوە وەك پێکدادانی شارستانیەکان لەقەڵەم دەدرێت و چۆن پیناسەی تیرۆر بکەین و چۆن دەتوانرێت هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لەم جەنگەدا سەرکەتوو بێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارانەشدا یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە ئیدارەی بوش بەمجۆرە رای خۆی بۆ ئەم راپۆرتە دەربڕی و وتی: ((سەبارەت بە پێکدادانی شارستانیەکان پێموانیە ئەمە پێکدادانی شارستانیەتیەکان بێت، لەبەر ئەوەی زۆرێك لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دژی ئەم رووداوانە وەستانەوە و ئیدانەیان کرد، واتە لەو کاتەدا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەم کار و کردەوانە رەتکرانەوە و پاڵنەرەکانی تیرۆریستانیش بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانە لە پێناو بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسییەکاندا رەتکرانەوە. سەبارەت بە پێناسەکردنی دیاردەی تیرۆریش من وای دەبینم تیرۆریزم تاکتیکە، ئامانجەکەی بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێیە لەناو خەڵکدا، لەبەر ئەوەی تۆ نازانیت لە کوێیەوە هێرشت دەکرێتەسەر. کەواتە یەکلاکردنەوەی ئەوەی کێ تیرۆرستە و کێ تیرۆریست نییە ملکەچی ئیعتیباراتە سیاسییەکانە. وەك وتم تیرۆریزم تاکتیکە بۆ بڵاوکردنەوەی ترس و بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجی سیاسی، واتە ئامانجەکە دەستبەسەرداگرتنی دەوڵەت نییە، بەڵکو چاندنی ترس و تۆقاندنە، لەم رووەوە ئاشکرایە کار و کردەوەی تیرۆریستی چییە، بەڵام هەروەك وتم یەکلاکردنەوەی ئەوەی کێ تیرۆریستە و کێ تیرۆریست نییە مەسەلەیەکی سیاسییە. ئەوەی پەیوەست بێت بە هەڵوێستی ئەمریکاوە، باوەڕناکەم ئەمریکا چاوپۆشی لە هەر وڵات و قەوارەیەك بکات کە خەڵکانی مەدەنی بکاتە ئامانج و لەپێناو بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێدا هەڵبستێت بە کوشتنیان، تەنانەت ئەمریکا ئەمکارە لە دۆست و هاوپەیمان و شەریکەکانیشی قبووڵ ناکات، لەبەر ئەوە هاوڕانیم لەگەڵ ئەوەی ئەگەر تۆ دۆستی ئەمریکا بیت، ئەوا چاوپۆشیت لێدەکات ئەگەر کاری تیرۆریستی ئەنجام بدەیت. بۆیە ئەوەی گرنگە لە هاوپەیمانی دژە تیرۆردا ئەوەیە، دەبێت ئەو راستیەمان لەبەرچاو بێت ئەمە پێویستی هەم بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی و هەم بە بەکارهێنانی سیاسەت و هێزی نەرم دەبێت، ئەمە بۆ ئیدارەی سەرۆك بوش و بۆ ئیدارەی ئۆباماش راست و دروستە. لەلایەکی دیکەوە باشترکردنی هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی دۆخێك دەخوڵقێنێت کە چیتر گەنجەکان نەبنە نێچیرێکی ئاسان بۆ تیرۆریستان. ئیدارەی سەرۆك بوش و ئیدارەی ئۆباماش هەم سیاسەتی سەربازی و هەم سیاسەتی نەرمیان پیادە کردووە. دەبێت هاوکاریەکی زیاتر لەنێوان وڵاتان و دەوڵەتاندا بکرێت، پێموایە بنیادنانی دەوڵەتێکی بەتوانا بەشێکە لە چارەسەر، لەلایەکی دیکەوە ئەوە بەدی دەکەین کە چالاکی و ئۆپەراسیۆنە تیرۆریستییەکان کەمتر کاران بە بەراورد بە رابردوو، ئەگەرچی بە تەواوەتی بنەبڕ نەکراون. بەڵام توانای ئەلقاعیدە زۆر لاواز بووە ئەگەرچی دەبێت لەم رووەوە کار و کۆششی زیاتر ئەنجام بدرێت. هەروەها جەختیش لەسەر ئەوە دەکەمەوە دەبێت گەورەیی کارەساتەکەی ١١ سێپتەمبەرمان لەیاد بێت و ئەمەش ببێتە هاندەرمان بۆ ئەوەی کار بکەین تاوەکو لە داهاتوودا رووداوی لەم چەشنە دووبارە نەبێتەوە)).

## رووخانی هەردوو رژێمی بەعس و تاڵیبان وەک کاردانەوەی ١١ی سێپتەمبەر

دوای دەرچوونی بڕیاری ١٣٧٣ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ئیدارەی جۆرج بوش پشتیوانێکی گەورەی بۆ شەڕی

جێندای فرازەر (یاریدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە ئیدارەی بوش) بۆ گوڵان:



# دەبێت گەورەیی کارەساتەکەی ١١ سێپتەمبەرمان لەیاد بێت و هاندەرمان بێت بۆ ئەوەی لەداهاتوودا رووداوی لەم چەشنە دووبارە نەبێتەوە

دژە تیرۆر و رووخانی رژێمی تاڵیبان لە ئەفغانستان بۆ رەخسا و توانرا لەماوەیەکی کورتدا رژێمی تاڵیبان برووخێنرێت، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٣ لەچوارچێوەی هەمان شەری دژە تیرۆردا ئیدارەی جۆرج بوش هەوڵیدا رژێمی بەعسی درندە لەعێراقدا بروخێنیت، بەڵام پشتگیری نێودەوڵەتی بەدەست نەهێنا و تاك لایەنە و بە هاوپەیمانی چەند دەوڵەتیك ئەم شەرەی کرد و رژێمی سەدام حوسێنی رووخاند، سەبارەت بەوەی بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیری رووخانی رژێمی تاڵیبانی کرد و پشتگیری رووخانی رژێمی بەعسی دیکتاتۆری لە عێراقدا نەکرد، لە پرۆفیسۆر نورما مۆریوزی بەرێوەبەری دیراساتی نێودەوڵەتی لەزانکۆی ئیلنۆیز لە شیکاغۆ پرسی و بەمجۆرە رای خۆی بۆ ئەم راپۆرتە دەربری و وتی: ((پێش ئەوەی باسی شەرەکان بکەم دەخوازم باسی هێرشە تیرۆریستییەکان بکەم، ئەو هێرشانە هێرشی تیرۆریستی بوون، ئەمەش جیاوازی هەیە لەگەڵ کردەوەکانی جەنگدا، لەبەر ئەوەی لەحاڵەتی پەلامارە تیرۆریستییەکاندا چیتر خەڵکی مەدەنی ئەو وڵاتانەی لە ئاشتیدان دڵنیانین لەژیانی خۆیان، لەبەر ئەوەی لەهەر ساتێکدا ئەگەری ئەوە هەیە رووبەرووی هێرش ببنەوە ئەگەرچی وڵاتەکەشیان لەئاشتیدا بێت. خاڵێکی دیکە لەم رووەوە پەیوەستە بە چۆنیەتی کاردانەوەی ئەمریکاوە، بۆ نموونە ئیدارەی سەرۆك بوش ئەم هێرشانەی کردە پاساوێك بۆ خستنەگەری هەڵمەتێك بە ناوی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرەوە کە تەرکیزێکی دیاریکراو و ئامانجێکی دیاریکراوی دەستنیشان نەکرد. ئەوجا ئەگەر بێینە سەر شەری عێراق و ئەفغانستان، ئەم دوو شەرە دووشەری جیاوازبوون، ئەوەی پێوەندی بە ئەفغانستانەوە هەبێت، ئەوا پشتگیرییەکی بەرفراوان لەم شەرە کرا و تەنانەت ئێرانیش هاوکاری ئەمریکای کرد لەم شەرەدا، واتە بزووتنەوەی تاڵیبان هیچ هاوپەیمانێتی نەبوو. کەواتە نەتەوەیەکگرتووەکان و زۆرێك لە دەوڵەتانی دنیا پشتگیریان لێکرد، لە بەشێکیدا لە هاوسۆزیان بۆ ئەمریکا و لە بەشێکیشیدا لەبەر ئەوەی تاڵیبان بزووتنەوەیەکی توندرە و توندوتیژ بوو. بەڵام شەری عێراق جیاواز بوو، کە دەتوانین بڵێین شەری جۆرج بوش بوو دژی ئەو وڵاتە، لەبەر ئەوەی ئەمە تەنیا بریاری خودی جۆرج بوش و هەندێ لە دۆستەکانی بوو نەتوانرا تێگەیشتن و هەڵوێستێکی جیهانی هاوبەش دروست بکرێت بۆ ئەم شەرە. هۆکارەکە ئەوە نەبوو کە ئەو وڵاتانە پشتگیریان لە سەددام حوسێن دەکرد، چونکە سەدام دۆستێکی کەمی هەبوو و کەسێکی دیکتاتۆر بوو، بەڵام هۆکارەکە ئەوەبوو کە زانیارییە هەواڵگرییەکان لەئاست عێراق ورد و بە دیققەت نەبوون)).

هەر لەم چوارچێوەیەدا و سەبارەت بەدابەشکردنی جیهان بەسەر دوو بەرە و لێدوانەکەی بوش ئەوەی لەگەڵ ئێمە نەبێت دوژمنمانە و جیاوازی بریاری شەری عێراق و ئەفغانستان، پرۆفیسۆر برادلی ماك ئەلیستەر لەدرێژەی لیدوانەکەیدا بۆ ئەم راپۆرتە وتی: ((بۆ ئێمە وەك ئەمریکی ئەو لێدوانەی سەرۆك بوش مایەی تێگەیشتن بوو، لەبەرئەوەی ئێمە دەزانین لە چ سیاق و بە چ مەبەستێك ئەو لێدوانەیدا، هەرچەندە هارانیم لەگەڵیدا، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین مەبەستی سەرۆك بوش ئەو وڵاتانە بوو کە پشتگیری تیرۆر و تیرۆریستانیان دەکرد و داڵدەیان دەدان، چونکە ئاشکرایە رێکخراوە تیرۆریستییەکان ناتوانن بێ پشتگیری وڵاتانی بەردەوام بن لە ئەنجامدانی کار و کردەوەکانیان. لەگەڵ ئەوەشدا رەنگە ئەمە چیتر بۆ ئەم رۆژگارە لێکدانەوەیەکی دروست نەبێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر لە رێکخراوی ئەلقاعیدە بروانین، یاخود لەرێکخراوی ئیتا، ئەوا تا ئەندازەیەکی گەورە ئەم رێکخراوانە سەربەخۆن، ئەگەرچی یارمەتییەکی کەمیش لەهەندێ وڵاتەوە وەردەگرن. وەك وتم هاورانیم لەگەڵ دابەشکردنی مەسەلەکان بەسەر رەش و سپیدا، بۆ نموونە ئەم سیاسەتە بووە هۆی دروستکردنی دوژمن و نەیاری زیاتر بۆ ئەمریکا، سەرەتا لەناو وڵاتانی رۆژئاوادا، بە تایبەتی فەرەنسا و ئەڵمانیا. هەروەها هاورانیم لەسەر ئەوەی بە پێکدادانی شارستانیەکانیش ناوزەد بکرێت، بۆیە پێموایە تیۆرەکەی هانتیگتۆن لەبارەی پێکدادانی شارستانیەتیەکانەوە، کە ئیسلام دژی مەسیحیەتە و ئیسلام دژی چینی بوزیە و هیندۆس دژی مەسیحیەتە و تاد، سادەکردنەوەیەکی بێئەندازەی مەسەلەکانە، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئێمە لە واقیعەکە بروانین، ئەوا دۆخێکی زۆر جیاوازتر بەدی

تیرۆریزم تاکتیکە بۆ بڵاوکردنەوەی ترس و بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجی سیاسی، واتە ئامانجەکە دەستبەسەرداگرتنی دەوڵەت نییە، بەڵکو چاندنی ترس و تۆقاندنە

لەژێر چەمکی تیرۆردا چەندن لایەنی جیاواز کۆدەکەینەوە

له دوای ١١ی سێپتێمبەر چیتر ئەوە قبوڵ ناکرێت وڵاتێک داڵدەی تیرۆر بدات و هاوکاری بکات

ریچارد ستۆل ئوستادی سیاسەت لەزانکۆی رایس بۆ گوڵان:

# بەکارهێنانی هێزی سەربازی بەشێکی بچووکی هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمە، باشترین رێگەچارە باشترکردنی هەلومەرجی ژیانی خەڵکە بۆ ئەوەی پاڵپشتی تیرۆریستان نەکەن



دەکەین و لەراستیدا واقیعەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە و هەمەچەشنترە کە هانتیگتۆن باسی لێوەدەکات، بۆ نموونە ئێوە لەهەرێمی کوردستانن و خاوەنی هێزی پێشمەرگەن و ئەم هێزەش دژی رێکخراوێکی وەك ئەنسار و ئیسلام شەڕ دەکات، لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق هێزەکانی دیکەی عێراق دژی ئەلقاعیدە شەڕ دەکەن. سەبارەت بە شەڕی عێراق و ئەفغانستانیش، گرنگە ئەو راستیە لەبەر چاو بگرین کە شەڕی ئەفغانستان و عێراق دوو پرۆسەی بڕیاردانی جیاواز بوون، بۆ نموونە ئەوەی پەیوەست بێت بە ئەفغانستانەوە، ئەوا هێزەکانی ناتۆش بەشداریان کرد لەم پرۆسەیەدا، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە کار بە ماددەی ٥ی میساقی رێکخراوی ناتۆ کرا کە تێیدا هاتووە هێرشکردنە سەر ئەندامێکی ناتۆ بە هێرشکردن بۆ سەر تێکڕای ئەندامانی ئەو رێکخراوە دادەنرێت. لەلایەکی دیکەوە ئێمە دەزانین پەنابردن بۆ بەکارهێنانی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەنجامدانی کارەکان لەژێر چەتری ئەم رێکخراوەدا شەرعیەتی زیاتر دەدات بە بڕیار و بە پرۆسەکان، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە سەرۆك بوش گرنگی و بایەخێکی زۆری نەدا بەم مەسەلەیە و هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو بڕیارەکانی لەئاست عێراقدا کەمتر شەرعی بن. کەواتە ئێمە هاوکاری و پاڵپشتییەکی زۆرمان بەدی کرد بۆ شەڕی ئەفغانستان، بەڵام ئەوەی پەیوەست بێت بە عێراقەوە، ئەوا بەهۆی سیاسەتی هەڵەی ئیدارەی بوش و بەهۆی نەخستنەڕووی هۆکار و پاساوێکی روون بۆ شەڕەکە، ئەوا وڵاتانی جیهان بەتایبەتی وڵاتانی رۆژئاوا دوو دڵ بن لەهاوکاری کردنی ئەمریکا و لەهەمان کاتدا وڵاتە گەورەکانی وەك رووسیا و چین هۆکار و پاساوی گەورەی خۆیان هەبوو بۆ هاوکاری نەکردنی ئەمریکا)).

بەڵام سەبارەت بە پێناسەی تیرۆر و روانگەی سیاسەتی ئەمریکا بۆ پێناسەکردنی تیرۆر، پرۆفیسۆر ماك ئەلستەر وتی: ((کێشەکە ئەوەیە ئێمە لەژێر چەمکی تیرۆردا چەندن لایەنی جیاواز کۆدەکەینەوە، بۆ نموونە لەوانەیە ئێمە لەم چوارچێوەیەدا ئاماژە بە کەسێکی دیاریکراو بکەین، لەوانەیە ئاماژە بە دەوڵەتێك بکەین کە مومارەسەی تیرۆر دەکات. لەوانەیە رێکخراوێکی تیرۆریستی بچووك بێت یاخود رێکخراوێکی سیاسی گەورە بێت و بەهەزاران میلیشیای هەبێت، وەك حەماس و حزبوڵڵا. ئەوەی پێوەندی بە سیاسەتی نەرمەوە هەبێت، ئەوا پێموایە هەوڵدەدات کاریگەری رێکخراوێکی وەك ئەلقاعیدە کەم بکاتەوە، بۆ نموونە لەسەر سەلەفییەکان. هەروەها ئێمە دەزانین ئەو کەسانەی بۆمبێك دەچێنن و هەڵدەستن بە کوشتن و ئیغتیالکردن، بە تیرۆریست لەقەڵەم دەدرێن کە ئامانجی شەڕانگێزانەیان هەیە، بەڵام ئەمەش دەوەستێتە سەر ئەوەی تۆ چۆن رووداوەکان پۆلێن دەکەیت، بۆ نموونە لەسەردەمی سەرۆك بوشدا ئەو هێرشانەی لەعێراقدا دژی ئەمریکیەکان ئەنجام دەدران، بەهێرشی یاخیبووەکان لەقەڵەم دەدران، ئەمە لەکاتێکدا ئەو هێرش و کردەوانە لە رووی تەکنیکیەوە بە کردەوەی تیرۆریستی دادەنرێن. کەواتە ئەوە راستە لەسەردەمی بوشدا ساڵ بەساڵ هێرش و کردەوە تیرۆریستییەکان بە ئەندازەیەکی گەورە لە زیادبوون و هەڵکشاندا بوون. کەواتە بۆ پێچەوانەکردنەوەی ئەو رەوتە، دەبێت سەرەتا لە دوژمنەکەت تێبگەیت، لەبەر ئەوەی ستراتیژیەتی رێکخراوە تیرۆیستییەکانی وەك سوپای کۆماری ئیرلەندی و ئیتا و ئەلقاعیدە وروژاندنی دوژمنە بۆ ئەوەی هێرش بکات و کاردانەوەی گەورە ئەنجام بدات، بۆ نموونە رێکخراوی تیرۆریستی بە ژمارەیەکی کەمی ئەندام دروست دەبێت، لەوانەیە لە سەرەتادا دە بۆ بیست ئەندام بن و هێرش دەکەنە سەر دەوڵەت و خوازیارن دەوڵەت کاردانەوەیەکی گەورە ئەنجام بدات، بۆ نموونە وەك کاردانەوەی ئەمریکا بە داگیرکردنی عێراق، ئەمە بۆ ئەوەی دواتر رایبگەیەنن ئەمریکا هێزێکی شەڕخوازە، کەواتە دەبێت ئێمە بزانین پاڵنەری راستەقینەی ئەم رێکخراوانە چین. ئەو کاتە دەتوانیت ستراتیژیەتێکی گونجاو بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم رێکخراوانە دابنێیت. لەلایەکی دیکەوە بۆ کەمکردنەوەی زەمینەی دروستبوونی تیرۆر دەبێت بایەخ بە حکومڕانی باش و بە پرۆسەی گەشەپێدان بدرێت. ئەمریکا لەم رووەوە دەتوانێت هاوکارییەکی کەم پێشکەش بکات بەو وڵاتانە، ئەویش لەبەر بوونی گەندەڵی و نەبوونی ژێرخانی پێویست لەم وڵاتانەدا)).

بەڵام خاتوو نۆرما هەر لەهەمان چوارچێوەیدا

له هاوپەیمانی دژە تیرۆردا پێویستیمان هەم بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی و هەم بە بەکارهێنانی سیاسەت و هێزی نەرم دەبێت

نۆرما مۆریوزی بەڕێوەبەری دیراساتی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ گوڵان:

# ئیدارەی بوش ئەم هێرشانەی کردە پاساوێک بۆ خستنەگەڕی هەڵمەتێک بەناوی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرەوە کە ئامانجێکی دیاریکراوی دەستنیشان نەکرد



**ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان ناتوانن بێ پشتگیری وڵاتان بەردەوام بن لە ئەنجامدانی کار و کردەوەکانیان**

پێیوایە ناکرێت ئەگەر ئەوانەی موسڵمانیش بن ئەمکارەیان ئەنجامدابێت، تۆ هەموو ئیسلام تاوانبار بکەیت. لەمبارەوە پێی وتین: ((پێموایە باشترە کار بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو بۆچوون و تێڕوانینە بکرێت کە دەڵێت ئەمە پێکدادانی شارستانیەتیەکانە. لەلایەکی دیکەوە ئێوە باستان لە سیاسەتی نەرم کرد، من دەڵێم دەبێت سیاسەتێکی نەرم و ژیرانە پیادە بکرێت بۆ دوورخستنەوەی خەڵکە سادەکە لە تیرۆریستان، واتە کار بۆ ئەوە بکرێت ئەو خەڵکە سادەیە هاوسۆز نەبن لەگەڵ تیرۆریستاندا و پێوەندیان پێوە نەکەن. ئەویش بەهۆی پیادەکردنی سیاسەتێکی عادیلانە و ژیرانەوە، بەتایبەتی لەبواری سیاسەتی دەرەکیدا لەلایەن ئەمریکا بەتایبەتی و وڵاتانی دیکەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە گشتی. هەر بۆیە پێموایە ئەگەر گرووپێك لە مەسیحیەکانیش کار و کردەوەیەکی لەم چەشنە ئەنجام بدەن، نابێت ئۆباڵ بخەینە ئەستۆی تەواوی مەسیحیەکانی دنیا، بەداخەوە هەندێ کەس ئەم تێڕوانینەیان هەبوو، بەڵام دەڵێم ئەمە ڕەنگدانەوەی تێڕوانین و بیروبۆچوونی خەڵکەکە نییە بەشێوەیەکی گشتی. لە ڕاستیشدا هەر خودی ئەم دابەشبوونە خۆی لەخۆیدا بەشێکە لە مەترسیەکە، مەبەستم دابەشکردنی جیهانە بەسەر دوو بەرەدا، بەری ئێمە لەدژی ئەوان. بۆ نموونە ئێمە دەزانین پێشتر ئەمریکا پشتگیری چەکدارەکانی ئەفغانستانی کرد و دارایی بۆ دابینکردن بۆ ئەوەی دژی یەکێتی سۆڤیەت بوەستنەوە، ئەمە لەو ڕوانگەیەوە ئەنجامدرا کە هەر کارێك بۆ لەناوبردنی بەرامبەرەکەت کە بە دژ و دوژمن دادەنرا، کارێکی ڕەوا بوو. ئەگەرچی دواتر ئەم چەکدارانە دژی ئەمریکاش وەستانەوە. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە جیهان لەوە ئاڵۆزترە دابەشی بکەین بەسەر دوو بەرەی دژ بە یەکدا. کەواتە ئەمە سادەکردنەوەی هاوکێشەکانە کە لەکۆتاییدا دەبێتەهۆی ئاڵۆزکردنی مەسەلەکان بە شێوەیەکی سلبی)).

## هەوڵەکان
## بۆ کەمکردنەوەی مەترسی تیرۆر

لەدوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەرەوە هاوپەیمانی دژە تیرۆر لەسەر ئاستی جیهان هەنگاوی گەورەی هەڵگرتووە بۆ دژایەتی کردنی دیاردەی تیرۆریستی، بەڵام وەك لەماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوو بینمان هێشتا نەتوانراوە دیاردەی تیرۆر بنبڕ بکرێت، سەبارەت بە مەترسییەکانی تیرۆر و هەوڵەکان بۆ کەمکردنەوەی ئەم مەترسیانە، پرۆفیسۆر ریچارد ستۆل ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی ڕایس بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ ئەم ڕاپۆرتە دەربڕی و وتی: ((لە ڕاستیدا هەمشە خەڵکی مەترسی تیرۆریزمی لەبەرچاو بوو، بەڵام جیاوازی ئەم گرووپە لەوەدابوو کە گرێدراوی دەوڵەتێکی دیاریکراو نییە و ئەمەش ئەو هۆشیاری و تێگەیشتنەی لای خەڵك دروست کرد کە دەبێت خەبات و تێکۆشانێکی درێژخایەن بکرێت لەدژی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە، بەڵام دابەشکردنی جیهان بەسەر ئەو کەسانەی لەگەڵ ئێمەن و ئەوانەی دژی ئێمەن، سادەکردنەوەیەکی بێئەندازەی مەسەلەکانە، چونکە چەندین وڵات هەن کە نە بە تەواوەتی دژی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکان و نە بە تەواوەتی پشتگریشی لێدەکەن، واتە دەبێت ئەو ڕاستەیەمان لەبەرچاوبێت کە تێکڕای وڵاتان پشتگیریمان ناکەن، سیاسەت و هەڵوێستی ئێمە هەرچیەك بێت بە هەمان شێوە تێکڕای ئەو وڵاتانەش بەرهەڵستیمان ناکەن بە چاپۆشین لە سیاسەتەکانی ئێمە. لەبەر ئەوە دەبێت هەوڵی دۆزینەوەی زەمینەی هاوبەش بدەین بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی جێی بایەخی هەردوو لامانن. هەر بۆیە دەبێت ڕێگە و شێوازی جیاواز بگرینەبەر. بۆ نموونە کەسانێك هەن کە ڕەنگە هاوسۆزبن لەگەڵ تیرۆریستاندا، یاخود هاوکاری هەڵمەت و کۆششەکانی لەناوبردنیان نەکەن، کەئەمەش پەیوەست بەو هەلومەرج و باری گوزەرانی ئەو خەڵکەوە، کەواتە بەکارهێنانی هێزی سەربازی بەتەنیا چارەسەری کێشەکان ناکات و ڕەنگە هەندێجار ببێتەهۆی زیادبوونی ژمارەی تیرۆریستانیش، بەکارهێنانی هێزی سەربازی بەشێکی بچووکی هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمە. لێرەدا ئەگەر ئێمە عێراق وەك نموونە وەربگرین، ئەوا دەتوانین بڵێین باشترین ڕێگەچارە باشترکردنی هەلومەرجی ژیانی خەڵکە بۆ ئەوەی لە ئەدای حکومەت و لەباری ژیانیان ڕازی بن، بە پێچەوانەوە ئەگەر خەڵك ناڕازی بێت، ئەوا ئەگەر نەبنە تیرۆریستیش ئەوا پاڵپشتی تیرۆریستان دەکەن)).

**ئیدارەی سەرۆک بوش هێرشەکانی ١١ی سێپتێمبەری کردە پاساوێک بۆ خستنەگەڕی هەڵمەتێک بە ناوی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرەوە**

# لەسەر چ بنەمایەک چاکسازی ئابووری و کارگێڕی ئەنجام بدەین؟



**پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.کاوە محەمەد فەرەج قەرەداغی***

چاکسازی ئابووری و کارگێڕی و مەسەلەی پەرەپێدانی ئابووری قسەو باسێکی زۆر هەڵدەگرێت، بەو پێیەی هەر کەموکورتییەك رووبدات کاریگەری توندی لەسەر ئاستی گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی نێو خودی کۆمەڵگەکە دەبێت، تەنانەت کەمتەرخەمی لەمبوارەدا کێشەو گرفتی ئابووریشی لێدەکەوێتەوە، لەم روانگەیەوە کاتی ئەوە هاتووە کێشەی ئابووری وەك کێشەیەکی گشتی لەسەر ئاستی جۆراوجۆری کۆمەڵگەکان بناسرێت، گەرچی ئەم کێشەیە جیاوازە لە نێوان دەوڵەتە پێشکەوتووەکان و دەوڵەتە دواکەوتووەکان بەهۆی ئەوەی لەکۆمەڵگە دواکەوتووەکان بنەمای پلاندانان و سەرچاوەی چارەسەرکردنی بۆ بەرەنگاری ئەم کێشانەی تێدا لاوازە یان نییە. تەنانەت نەشیان توانیوە بنەمایەکی بەهێز دابنێن بەهۆی ژینگە تایبەتییەکەی کە تێیدا کار دەکات لەلایەن لاوازی بەرنامەی ئابوورییەکانیەوە، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە بوونی ژینگەی رامیاریی ناشیاو شوێنەواری توندی لەسەر ئاستی گەشەی ئابووری نێوکۆمەڵگەکە داناوە، لەم روانگەیەوە پێویست دەکات لەسەر ئەم وڵاتانە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بکرێت لە رێبازی ئابووریدا کە هاوچەرخی گۆڕانکاری بنەڕەتی هاوچەرخی رامیاری بێت، ئەوکاتە چاکسازی ئابووری و کارگێڕی لەسەر بنەمایەکی بەرنامەی گەشەپێدانی و بەشداری کۆمەڵگەی رێکخراوەییەکانی و دامودەزگای حکومەت و کەرتەکانی تایبەت لە خۆیدا ببینێتەوە، لێرەشدا دەبێت ئەوە بزانین کەچاکسازی ئابووری ئەوە ناگەیەنێت کە هەڵگەڕانەوەی خۆیەتی تێدا بێت، بەڵام دەبێت لەگەڵ پێشکەوتنە تازەکاندا دەست پێ بکات و بەبەردەوامی خۆی تێدا ببینێتەوە لەسەر بنەمایەکی پراکتیکی و زانستی بە رۆشنبیرییەکی کۆمەڵایەتی کە گشت لایەنەکانی بگرێتەوە، هەر چاکسازییەکی ئابووری بێ ئەوە ناکرێت ئەگەر خواستێکی راستەقینەوەو مەرجایەتییەکی بابەتی وەك بنەمایەکی زەمینە خۆش کردنێك بۆ دەستپێکردنی چاکسازی ئابووری بەپێی روانگایەکی کارگێڕی لەسەر بنەمایەکی زانستی وەك وڵاتە پێشکەتووکانی جیهان .

لەم روانگەیەوە کوردستان دەبێت کار بکات لەسەر لاوازکردنی ئەم خاڵانی خوارەوە کە هۆکاری لاوازکردنی ئابووریە تێیدا بەئامانجی پەرەپێدانی :

١) دواکەوتن و سەرنەکەوتنی سوود وەرگرتنێکی تەواو لە بەرهەمهێنان بەهۆی دواکەوتنی رۆشنبیری هونەری و بەرەنگاری دامودەزگاکانی کۆمەڵگە.

٢) دواکەوتن و سەرنەکەوتنی چالاکی ئابووری و نەتەوایەتی بەبەراوردکردنی بە دەوڵەتە پێشکەوتووەکان. ٣) لاوازی کەرتی بەرهەمهێنان و هاوسەنگ نەبوونی، کە دەبێت بە هۆکارێك لە نزمبوونەوەی داهاتی نەتەوە و بەشی هەر کەسایەتییەك لە کۆمەڵگەکە.

٤) بوونی بێکاری بەشێوازە جیاجیاکانی کە بریتییە لە بێکاری بنیاتنانی

٥) سەروەری رۆشنبیری نائابووری لە کۆمەڵگەکەدا وەك هەڵسوکەوتە دواکەوتووەکان لە روانگەی کار و خزمەت کردنەوە لە پێناوی دەستکەوتنی داهات و لاوازی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانیەتی لە ناو ناخی تاکی کوردا.

٦) دواکەوتنی کۆمەڵگەیی لەو هەڵسوکەوتە کۆمەڵگەییانەی کە هۆکارێکە لە دواکەوتنی ئابووری.

٧) دواکەوتنی مرۆڤایەتی بەهۆی کەمی کادرە هونەرییە مەشقکراوەکان لە شارەزاو زانایان لە گشت بوارەکاندا و لاوازی و گرنگی ئەوانەی بەتوانای مرۆیی کەلە خۆیدا بەرەنگاری هەموو گۆڕانکارییەکە.

٨) لاوازی ژینگەیی وەك بێئاوی و سەرچاوە سروشتییەکان کە هاوکاری کەرتی پیشەسازین .

٩) لاوازی دواکەوتنی کارگێڕی کە خۆی دەبینێتەوە لە چەند جۆرێکی جۆراو جۆردا وەك دواکەوتنی ئەنجامدانی پرۆژەکان و بەرزبوونەوەی نرخی تێچوون و لاوازی جۆری بەرهەمهێنان .

لە پێناوی کەمکردنەوەی ئەم لاوازییانە پێویست دەکات لەسەر لێپرسراوانی وڵات هەوڵبدەن بۆ بەدیهێنانی ئەم خاڵانە :

١) جیاکردنەوەی ژینگەی کارگێڕی لە ژینگەی رامیاری .٢) هاوسەنگی لە مووچەدا بەپێی تێچووی پێداویستییەکانی ژیان و پێشکەوتنی ئابووری.٣) هاندان لەسەر کار لەسەر بنەمایەکی یەکسانی مووچە و لەژێر دروشمی خزمەتکردنی کوردو کوردستان وەك ستراتیجێکی نەتەوایەتی کەگشت لایەنەکانی کوردستان دەبێت بەشداربن تێیدا.٤) بەشداریکردنی کەرتی تایبەت و کۆمەڵگە لە بڕیارەکانی ئابووری وڵاتدا .٥)چاوپێداخشاندنەوە لە هەیکەلی رێکخستنەوەکانی وڵاتدا بەپێی شیکردنەوەی و تەوسیفکردنی ئەرکەکان و دانانی مرۆڤی شیاو بۆ جێگای شیاو، کە لەسەر بنەمای دڵسۆزی نەتەوایەتی نەك لەسەر بنەمای دڵسۆزی کەسایەتی رامیاری دانرابێت .٦) چاوپێداخشاندنەوە لەسەر یاساو رێنمایی و سیستمەکانی کۆمەڵگە لەسەر ئاستی سەردەمی.٧) گرنگی دان بەکارگێڕی وەك زانستێك نەك وەك بنەمای دوور لە زانستی کە دامودەزگاکانی حکومەت و لێپرساوەکانی تاکو ئێستا پەیڕەوی کارگێڕی بە شێوازێکی زانستی بەدی ناکرێت.٨) کەمکردنەوەی هەڵاوسانی کارگێڕی و مەرکەزییەت.٩) پەرەپێدان بەجۆری یاسادانان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە کەخزمەتی کەرتی بەرهەمهێنان بکات، هەروەها گرنگی دان بە پەروەردەیی نەتەوەیی لە گشت ئاستیەکانی خوێندن بەتایبەتی لە خوێندنی باڵادا، بە جۆرێك بێت کە گشت بەشەکانی زانستی زانکۆکاندا بواری کارگێڕی و ئابووری بخوێنرێت لە پێناوی دروستکردنی پێشەوایانی داهاتووی لەسەر بنەمایەکی نەتەوایەتی .١٠) گرنگی دان بە رۆڵی چاودێری و لێپرسینەوە لە بەدینەهێنانی ئامانجەکانی هەر رێکخراوێك لە رێی گۆڕانکاری بەڕێوبەرە لاوازەکان و سزادانیان، بەتایبەتی کاتی بەفیڕۆدانی داهاتی نەتەوەیی و ئاشکراکردنی لەبەردەم نەتەوەدا بەشێوازێکی شەفاف.

١١) گرنگی دان بەکەرتی کشتوکاڵ و ئەو کەرتە بەرهەمهێنانەی کە تایبەتە بە بەرهەمهێنانی پێداویستی رۆژانەی کۆمەڵگە، بە جۆرێك بێت بتوانرێت پێشبڕکێی وڵاتەکانی دەوروپشتی پێبکرێت و بنێردرێت بۆ دەرەوەی وڵات بەمەبەستی بوونی بە یەکێك لە سەرچاوەکانی داهات .

١٢) جۆراو جۆرکردنی داهاتی نەتەوەیەتی کەتایبەت نەکرێت بە تەنیا بە لایەنەکەی کە لە عێراقی فیدراڵ وەردەگیرێت واتا داهاتی نەتەوە نەبەسرێتەوە بە (١٧٪) .

١٣) پشتگیریکردنی بەدیهێنانی چالاکیە رامیارییەکان وەك بڕیاری دەستوری هەرێمی کوردستان و هەڵبژاردنی حکومەتێکی تەکنۆکرات لە کەسایەتییەك هەڵگری رەگەزنامەی عێراقی بێت و کوردستانی نەك هەڵگری رەگەزنامەی وڵاتێکی بیانی بێت و دوای خانەنشینی موچەکەی بەرێ بۆ دەرەوەی وڵات.

***مامۆستای زانکۆی سلێمانی**

# ئەركی ئەخلاقی ئەمریكا



**فەلەكەدین كاكەیی**

(١)

دوو ڕووداوی گرنگی هەفتەی ڕابردوو:

١- كشانەوەی زۆرینەی هێزەكانی ئەمریكا، بەپێی ڕێككەوتننامەی عێـــراق، ئەمریكا، مانەوەی نزیكەی پەنجا هەزار ســـەربازی ئەمریكا لـــە بنكە و پێگەی تایبەتی لە عێراقدا.

٢- دەسپێكردنی گفتوگۆی ڕاستەوخۆی فەلەستینی – ئیســـرائیلی، كە ڕووداوێكی گرنگە بۆ چارەسەری كێشەی كۆنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ئایـــا هاوكاتبوونی هەردوو ڕووداو ڕێككەوت بوو یا پێشرێكخراو!

دیارە بە ڕێكـــەوت نەبوو، بەڵكو بەژیری و زیرەكی بەرنامەیان بۆ داڕێژراوە.

ئەمریكا لە هەردوو سەرەوە قازانجی بردەوە:

- بە كشـــانەوەی زۆرینـــەی هێزەكانی باری خۆی ســـووك كـــردەووە و، ئیتر دەتوانی بڵێ كـــە داگیركەر نییـــە، چونكـــە وڵاتێكی داگیركـــەر ناتوانێ ببێ بە شەریكی گفتوگۆ بۆ چارەســـەری كێشەی گەلێكی داگیركراو(فەلەستین).

- هەر بۆیەش لە گفتوگۆكەدا وەكو( شەریك) خۆی هێنایە پێش و، بەو شـــێوەیە قبوولی دەكەن، تا بتوانێ كاریگەریی سیاسی و مەعنەویی هەبێت.

(٢)

دەربارەی كشـــانەوەی هێزی ئەمەریكی لە عێراق، پرۆفیسۆر نووا فیلدمان، مامۆستای یاسای نیودەوڵەتی لە زانكۆی هارفاردی ئەمەریكی، خۆشحاڵی دەربڕیوە كە نزیكەی پەنجا هەزار سەربازی ئەمەریكی لە عێراق دەمێننەوە( خەبات- ٢٠١٠/٩/٣) و باســـی پێداویستی مانـــەوەی ئەو هێزانە دەكات لە عێراق و.. ئەو (وڵاتی كۆریای باشووری وەك نموونە دێنێتەوە، كە بە مانەوەی هێزەكانی ئەمریكا لە كۆریای باشوور، دوای ٣٥ ساڵ، وڵاتێكی گەشە سەندووی دیموكراتی لێدەرچوو...).

شـــایانی باســـە، جەنگـــی كۆریا ســـاڵی ١٩٥٣ بڕابووەوە.

بە بڕوای پرۆفیسۆری هارفارد نوا فیلدمان مانەوەی هێزەكانی ئەمریكا لە عێراق(تاكە ڕێگایە بۆ ڕێگرتن لە شـــەڕی ناوخۆیی و.. بارودۆخە نا هەموارەكەی عێراق بەرەو دیموكراســـییەتێكی تۆكمەیـــی دەبات، هەروەكو كۆریای باشـــوور كە نزیكەی(٣٠) هەزار ســـەربازی ئەمەریكـــی لێماونەتەوە، ئەمـــڕۆ نزیكەی پاش(٣٥) ســـاڵ لە كۆتایی هاتنی جەنگ، وڵاتێكی دیموكراتی سەركەوتووە).

گرنگیش ئەوەیە كە پرۆفیســـۆری هارفارد باسی ئەركی ئەخلاقی ئەمریكا لە ئێران دەكات و لە وتارەكەیدا لە ڕۆژنامەی(وال ســـتریت) ی ئەمریكی، دەنووسێت كە(ئێســـتا ئەمریكا لە ئێراق ئەركێكی ئەخلاقیشـــی هەیە، چونكە وەك خۆی دەڵێت ئێراقیان تێكشكاندووە، پێویستی بە بنیاتنانەوە هەیە).

هەروەهـــا دەنووســـێت : ( لـــە ئێراق مەســـەلەی لایەنـــی ئەخلاقیش لەخۆ دەگـــرێ، ئەگەر حكومەتی هەڵبـــژاردووی عێراق داوای یارمەتـــی بكات، وڵاتە یەككگرتووەكان قـــەرزاری ئێراقییەكانە بۆ درێژپێدان بە بەرپرسیاریەتی لەو وڵاتەدا).

(٣)

بـــاراك ئۆبامـــا، كە ئەمریـــكا وەكو(شـــەریكی ) گفتوگۆی ئیســـرائیل- فەلەســـتینی، ناو هێناوە، بە هەســـتكردن بە ئەركی ئەخلاقی بەرامبەر كێشـــەكانی جیهان دواوە.

هەر بۆیەش لێپرســـراوانی ئەمریكا پەیتا پەیتا سەر لە ئێراق دەدەن و بەدوی كێشەی پێكهێنانی حكومەتی ئێراقدا دەچن.

لەسەرێكی دیكەوە وڵاتی ئێرانیش خەریكی ڕێڕەوی ئەم كێشەیەیە، دیارە ململانێ هەیە لە نێوان دوو خواست و دوو شـــێوەی سیستەمی سیاســـی: دیموكراتی، یا مەركەزیی تەكلایەنە!

ئەركی ئەخلاقی ئەمەریكی بەرامبەر بە كێشەكانی ئێران لەوەش دەبینین كە ئەمریكا، بە ئاسانی، هێزەكانی لە ناوچەكانی كەركووك و موســـڵ ناكشێنێتەوە، دیارە مەترسی شەڕی ناوخۆی لەم ناوچانەدا هەیە.

ئەمریكا، لەســـەرێكی دیكەوە، قورســـایی خۆی خســـتووەتە پاڵی گفتوگۆی عەرەبی – ئیســـرائیلی و، بە زمانی ئۆبامـــا، دەڵێت كە(ڕێگەنادات توندڕەوان ڕێڕەوی گفتوگۆی ئاشتیخوازانە تێكبدەن.. مەبەستی ڕێكخراوی حەماس و توندڕەوانی فەلەستینی و عەرەبی و حیزبوڵڵا و ئێران لایەنە توندڕەوەكانی دیكەیە.

كەواتـــە: دەبێ چاوەڕوانی ئـــەم ململانێیەش ببین، كە ئەمریـــكا و هاوپەیمانانی لایەن و هێزە توندڕەوەكان دەخەنە ژێر فشار و گۆشەگیرییەوە.

بێگومـــان كۆڕ و كۆمەڵەی جیهان شـــارەزاتر و بە تواناترە.

سزادانی ئابووری و بازرگانی ئێران پیشاندەدات كە كۆڕ و كۆمەڵەی جیهان یەككگرتووترە.

پرســـیارێك لەبەردەم لایـــەن و هێـــزە توندڕەوەكاندا هەیە، كە ئەگەر هەر ڕێگە چارەســـەرییەكی ئاشتیانە ڕەتدەكەنـــەوە، ئەدی چـــی ئەلتەرناتیڤێكیان هەیە بۆ چارەسەر؟!

تا ئێســـتا هیچ وەڵامێكیان نییە كە مەنتیقی بێ و قبووڵ بكرێت، هیچیان پـــێ نییە، تەنیا ڕەتكردنەوەی ئاشتی نەبێ.

(٤)

كێشـــەی فەلەستینی- ئیســـرائیل- كە بە كێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسراوە، دوای مەسەلەی كورد، كوشندەترین كێشەی ئەم ناوچەیەیە.

بەهـــۆی چەندین جەنگ و گرفتی زیاد، گەلانی ناوچەكە، بە ئیســـرائیلی و عەرەبـــی و خەڵكی ترەوە، تووشی زیانی گەورە بوونە، هەروەها بە بیانووی (مەترسی ئەمنی دوژمن) ڕژێمەكانی ناوچەكە ئازادییان لە خەڵك قەدەغە كردووە و، بەداماوی و دواكەوتوویی ماونەتەوە، گەلی كورد، لەسەرەتای مەسەلەی فەلەستینی ١٩٤٨ ە،وە پشتیوانی لە مافە ڕەوكانی ئەم گەلە دەربڕیوە، لە شەستەكانەوە پارتی دیموكراتی كوردستان بەسەرۆكایەتی بارزانـــی نەمر لایەنگری چارەســـەری ئاشـــتییانەی كێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت بووە، بەتایبەتی پاش جەنگـــی حوزەیرانـــی ١٩٦٧ كە وڵاتـــە عەرەبییەكان شكســـتیان هێنا، ڕۆژنامەی(التاخـــی) ئۆرگانی ئەو سەردەمەی شۆڕشـــی ئەیلول بە ئاشكرا دەینووسی كە ڕێگە چارەی ئاشـــتیانە و گفتوگۆ لە نێوان فەلەستین و عەرەب لە ســـەرێكەوە و دەوڵەتی ئیسرائیل لەلایەكی دیكەوە، بە چاودێری كۆمەڵـــگای نیودەوڵەتی، تاكە ڕێگای دروستی چارەسەری دادپەروەرانەی كێشەكەیە.

شۆڕشـــی كوردو پارتـــی و بارزانـــی، لەبەر ئەو هەڵوێستە، هەمیشە دەكەوتە ژێر فشاری حكومەتەكانی ئێـــراق، بەتایبەتـــی حكومەتی بەعســـی عەرەبی كە خـــۆی دانابوو تەنیا پارێزەری فەلەســـتین و عەرەبەو، هەموو گفتوگۆیەكـــی ئاشـــتیخوازانەی ڕەتدەكردەوە و بـــە (نۆكەرایەتی ئەمریكا و ئیســـرائیلی ) دا دەنا..

لـــە كاتێكدا ئەم حكومەتە هیچ شـــتێكی بۆ خەڵكی فەلەســـتین نەدەكرد، تەنیا ئەوە نەبـــێ كە ڕێكخراوی ســـەربەخۆی لە نێوانیانا پێكدەهێنا و پارچە پارچەی دەكردن، هەروەكو ئێستاش هەندی حكومەتی ناوچەكە هەمان ڕێبازیان گرتووەتە بەر.

ئێســـتا جارێكی دیكە ئیسپات دەبێ كە هەڵوێستی بزووتنەوەی ڕزگاریخـــوازی كورد، بەتایبەتیی بارزانی نەمر، لە بارەی پشـــتیوانی لە گفتوگۆو چارەســـەری ئاشتیانەیكێشەی فەلەستین و ئیسرائیل،ڕێگای دروست و سەركەوتووە، بەڵكو تاكە ڕێگایە.

چارەســـەری ئەم كێشەیە و چەســـپاندنی ئاشتی و ئارامی سەركەوتنە بۆ دیموكراسی و ڕەوتی ئازادیخوازانە مافی مرۆڤ و مافی گەلان.

لە داهاتوودا، كە ئەگەر ئەم چارەسەرییە سەربكەوێ، گرنگی ئاشـــتی بۆ گشت گەلانی خۆرهەڵاتی ناڤین دەردەكەوێت.

هیواداریـــن ئەمریكا و كـــۆڕ و كۆمەڵەی جیهان ئەركی ئەخلاقی خۆیان بەرامبەر بە نەتەوەی كوردیش لەیاد بمێنێت.